# منداڵپارێزی کوردستان

# ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٧



پاراستن و تەندروستی و پەروەردە بۆ هەموو منداڵێک

ژمارەی تۆمار لە : بەریتانیا 102 75 22

عێراق 1z1774

کوردستان 505



# راپۆرتی ساڵی ٢٠١٧ ی منداڵپارێزی کوردستان

## ناوەڕۆک

٢ منداڵپارێزی کوردستان
٤ سوودمەندەکانی منداڵپارێز
٦ نامەی ئاراستەکاری بەرنامە
٨ پەیکەری پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان

١٠ پاراستنی منداڵ

١٨ بەرنامەی گرتنەخۆ

٢٠ پەروەردە

٢٦ بەرنامەی گەشەپێدانی توانای گەنجان

٣٢ تەندروستی

٣٦ منداڵی تووشبوو بە شێرپەنجە

٣٨ گۆڤاری پەپولە

٣٩ راپۆرتی دارایی










# منداڵپارێزی کوردستان

## دونیابینی:

پاراستن و تەندروستی و پەروەردە بۆ هەموو منداڵێک.

## بەرنامەی کار / ئامانجی ڕێکخراو:

١- پاراستن و هاوکاری لە پاراستنی مافی منداڵ بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، رەگەز یان پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان.

٢- دابینکردن و پێشکەشکردنی هاوکاری و خزمەتگوزاری پێویست بۆ گشت کەسێک بە تایبەتی منداڵ و گەنجان کە لە کوردستان و عێراق نیشتەجێن و لە بارودۆخێکی ناهەمواردان و پێویستیان بە هاوکاری هەیە.

٣- هاوکاریکردن لە پێشخستن و باشترکردنی لایەنی پەروەردەیی ئەو کەسانەی کە لە بارودۆخێکی ناهەمواردان بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی ژیانیان.

٤- پارێزگاریکردن و پاراستنی تەندروستی دەرونی و جەستەیی ئەو کەسانەی لە بارودۆخێکی ناهەمواردان.

٥- پیشخستنی ژیانی ئەو کەسانەی لە بارودۆخێکی ناهەمواردان هاوتەریب لەگەڵ یاسا و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە ناوخۆیی نێودەوڵەتییەکان.

## ئامانج / پرنسیپی کارکردن:

١- جیاکاری نەکردن لە نەژاد، رەگەز، پابەندە ئایینی و سیاسیەکانی منداڵ و گەنجاندا.

٢ - پاڵپشتیکردن لە تاکەکانی کۆمەڵگا تا بەشداربن لە بەرەوپێشبردنی پاراستنی منداڵ و مافەکانی.

٣- کارکردن بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پرۆژەی سوودبەخش بە منداڵ لە بوارەکانی تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستانی عیراق و ناوچەکانی تردا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە جۆرێک کە گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون لە بوارەکانی پاراستن و گەشەی منداڵ و گەنجاندا بهێنێتە دی.

٤- هاوکاری و هەماهەنگیکردن و گۆڕینەوەی زانیاری لەگەڵ دەستە خۆبەخشەکان و ئەو دەستە یاساییانەدا کە خۆبەخشانە لە هەمان بواردا کاردەکەن.

٥- پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و جیهانییەکان و دامەزراوە حکومی و فەرمیەکاندا کە هەمان ئامانجی ئەم ڕێکخراوەیان هەیە.

٦- کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری ماددی کە وەک بەخشینێک لەلایەن هەر کەسێکەوە پێشکەش بکرێت.

٧- دامەزراندنی کەسانی پێویست بۆ سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی کارو بەرنامەی کاری ڕێکخراو.

٨- ڕێکخستن و دابینکردنی پێداویستیەکانی ( کۆبونەوە، پێشانگا، وانە، سمینار، خولی ڕاهێنان و ڕووپێوی ) بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان.

٩- پاڵپشتیکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژە درێژخایەنەکان.

١٠- ئەنجامدانی هەرکارێکی یاسایی تر کە خزمەت بە گەیشتن بە ئامانجی ڕێکخراوەکە بگەیەنێت.

## منداڵپارێزی کوردستان

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوی قازانجدا کار ناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نییە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسییەکان یارمەتی پێشکەش دەکات.

ئێمە کاردەکەین بۆ منداڵان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پاراستن، گرتنەخۆ، تەندروستی و پەروەردە. ئامانجی سەرەکیمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژێکی باشترە لە ڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستیی جۆراوجۆری مادی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و پەروەردەیی.

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ دا، لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و ژمارەیەک ستافی خۆبەخشەوە دامەزراوە کە باوەڕیان بەهەموو مافەکانی منداڵان هەیە بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەکی دوور لە گرفت بۆیان.

ئۆفیسی سەرەکیمان لە شاری سلێمانییە لە کوردستانی عێراق، ڕێکخراوەکەمان ساڵی ١٩٩٣ لە بەریتانیا تۆمارکراوە و لەوێ بە ناوی (سندوقی منداڵانی کوردستان - KCF)ەوە کاردەکەین.





| ئۆفیسی سلێمانی | ئۆفیسی هەولێر | ئۆفیسی دهۆک | ئۆفیسی بەریتانیا KCF |
|---|---|---|---|
| 408 ڕزگاری | ئیسکان | بڕتان - شەقامی مایی | مۆلاسس ڕۆ |
| شەقامی حەپسەخانی نەقیب | پشتی ئوتێل چوارچرا | خوار مزگەوتی حاجی ئەحمەد | باتر سیی |
| سلێمانی / کوردستان | هەولێر / کوردستان | دهۆک / کوردستان | SW11 3UX |
| عێراق | عێراق | عێراق | لەندەن / بەریتانیا |
| ت: +964 53 330 1040 | ت : +964 66 255 4021 | ت : +964 750 214 3746 | ت : +44 207 801 6935 |

## ئاستی بەرپرسیاریتی لایەنە بەرژەوەندیدارەکان لە کارەکانی منداڵپارێز :

منداڵ پێشینەی هەموو بەرنامەو پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستانە، هەموو کارەکانیشی لە پێناو ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام و شیاوە، بۆ ئەوەی منداڵ باشترین پاراستن و مانەوەو گەشە و بەشداریکرنی، بەبێ جیاوازیکردن بۆ دەستەبەربکرێت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی، لەڕێگەی بەرنامەو پرۆژە جیاوازەکانی بەش و سێکتەرەکانی منداڵپارێزی کوردستان و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان پێکهاتەو لایەنەکانی تری وەک خێزان و کۆمەڵگەو حکومەت و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

منداڵپارێزی کوردستان باوەڕی وایە کارکردنی پێکەوەیی ئەو پێکهاتەو لایەنانە مسۆگەری پاراستنی منداڵ و مافەکانی دەکات، لەناو ئەو پێکهاتانەشدا خێزان باشترین ژینگەیە بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ جگە لەو دۆخانەی کە پێچەوانەی بەرژەوەندییە باڵاکانیەتی، هەمیشە هاوکارو هاندەری حکومەت و دەسەڵاتە ناخۆییەکان و ڕێکخراوەکان بوین و کارمان کردووە بە هاوکاری و بەشداری کۆمەڵگە.

منداڵپارێزی کوردستان کاردەکات بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان پێکهاتەو لایەنە بەرپرسەکانی سیستەمی پاراستنی منداڵ بۆ زیاتر گەشەپێدانی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوانیان، لە پێناو ئەوەی هەموویان پێکەوە کارو کۆشەش بکەن لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام و پارێزراو و دوور لە هەموو شێوازێکی پشتگوێخستن و توندوتیژی و ئیستغلالکردنێک بۆ منداڵ.

منداڵپارێزی کوردستان لەئاستەکانی کۆمەڵگەی ناوخۆیی و حکومەتیشدا کاریکردووە بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و پێداویستییەکان، بۆ بەهێزکردنی پاراستنی منداڵ و سیستەمی پاراستنی منداڵ، لە ڕێگەی یاسا و سیاسەتەکانەوە بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی منداڵ و بەردەستکردنی هەموو پێداویستییەکانی منداڵ بەشێوەیەک کە هاوتاو گونجاو بێت لەگەڵ هەموو ئەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەی کە پەیوەندیدارە بە منداڵەوە، بۆئەوەی منداڵ لەوپەڕی ئارامیدا لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا ژیانیان بگوزەرێنن و تا ئەوپەڕی تواناکان گەشەو پاراستنیان مسۆگەر بێت.




هێڵکاریەک دەربارەی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سوودمەندەکان

# پەیکەری منداڵپارێزی کوردستان



## نامەی ئاراستەکاری بەرنامە :

ساڵی ٢٠١٧، یادی بیست و شەش ساڵەی دامەزراندنی منداڵپارێز کرایەوە ئەو ڕێکخراوەی کە ئامانجی بەدیهێنانی گشت مافەکانی منداڵە بەبێ جیاوازی، ساڵێکی نوێ و هێشتا منداڵان پێویستیان بە هاوکاری زیاترە لە گشت بوارەکانی پاراستن و تەندروستی و پەروەردە.

ئەم ڕاپۆرتە کورتەیەکی ئەو هەنگاوانەیە کە منداڵپاریز و هاوبەشەکانی لەماوەی ئەم ساڵەدا ناویانە لە ئەرکە درێژخایەنەکەیان لە پێناوی کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵی نەخۆش و گەڕانەوەی منداڵی دابڕاو لە خوێندن و پشتگیری یاساکانی پاراستنی منداڵ و نەوجەوانان و دڵنیابون لە پاراستنی مافی منداڵ و گەشەپێدان و دەرخستنی توانای گەنج و منداڵ لە ڕیگەی درێژەدان بە پرۆژە جۆراوجۆرەکانی.

لە ساڵی ٢٠١٧دا سەرەڕای تاڵانکردنی (ئۆفیسی کەرکوک) لەلایەن سوپای عێراق و میلیشیاکان و بەردەوامی قەیرانی دارایی و نەبونی سەرچاوەی فەندی جێگیر منداڵپاریزی کوردستان بە هاوکاری کۆمپانیاکان و کەسانی خێرخواز لە ناوەو دەرەوەی کوردستان و هەموو ئەو خەڵکە منداڵدۆستانەی کە لەڕێگەی سندوقەکانی کۆمەکەوە هاوکاری منداڵ دەکەن بەردەوامبوو لە باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی منداڵ و توانیمان هاوکاری زیاتر پێشکەش بە منداڵ و گەنج بکەین لە بوارەکانی پاراستنی منداڵ و پەروەردە و تەندروستی و گرتنەخۆ و گەشەپێدانی توانای گەنجاندا.

یەکێک لەو پرۆژانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە منداڵپارێزی کوردستان گرنگیەکی تایبەتی پێدەدا ئۆفیسی کەرکوک بوو کە هەردوو (سەنتەری چالاکی گەنجانی کەرکوک و سەنتەری ڕۆشنبیری کازیوەی کەرکوک) و بەرنامەی پاراستنی منداڵ و گرتنەخۆ بوو. ئەم پرۆژانە لەسەر بنەمای یەکسانی و جیاوازی نەکردن لە نێوان گشت پێکهاتەو ئاین و مەزهەب و زمانە جیاوازەکان کە لە شاری کەرکوک بوونیان هەبوو کاری دەکردو ئەوەی کە سیاسییەکان و حکومەتی عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا نەیاندەتوانی بیکەن ئەو سەنتەرانە توانیبویان هەموو جیاوازەکان بەیەکەوە کۆبکەنەوە بەبێ هیچ کێشەیەک، عێراقێکی بچووکبوو. هەموو کەس سەردانی دەکرد و هەموو کەس ئیشی تێدا دەکرد لەو دوو سەنتەرەدا لە کاتێکدا کە ( کورد و عەرەب و تورکمان و سونە و شیعە و سریان و مەسیح ) کێشەیان هەبوو بەڵام چالاکییەکانی ئەو دوو سەنتەرە هەموانی کۆدەکردەوەو گەنجەکان و منداڵەکان کۆکبوون بە ستافەکانیانەوە بێ جیاوازی.

بەداخەوە لە دوای پەلاماردانی کەرکوک لەلایەن حکومەتی عێراق و میلیشیاکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧، دەستیان گرت بەسەر سەنتەرەکاندا و تاڵانیانکردو ئەم نمونە جوانەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەیان نەهێشت، سەرەڕای ئەم ڕوداوانەش منداڵپارێزی کوردستان لەپرۆژەی گرتنەخۆ و پاراستنی منداڵ بەردەوامە.

گرنگترین چالاکیەکانی منداڵپارێزی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ دا لەم بەرنامانەدا بووە :

### پاراستنی منداڵ :

منداڵپارێزی کوردستان منداڵ دەپارێزێت لە هەموو جۆرە توندوتیژی، ئیستغلالکردن و پشتگوێخستنێک و خزمەتگوزاری پێویست و خێرا دابیندەکات بۆ منداڵ دوای کارەساتەکان.

ساڵی ٢٠١٧ لە پرۆژەی دادوەری نەوجەواناندا خزمەتگوزاری یاسایی و دەرونی و مادی پێشکەش بە ئەو نەوجەوانانە کراوە کە بەرکەوتنیان لەگەڵ یاسادا هەیە و چەندین ۆرکشۆپ ئەنجامدراوە بەمەبەستی بەهێزکردنی تواناکانی کارمەندانی دامەزراوەکانی دادوەری نەوجەوانان لە شارەکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و دهۆک. هەروەها ئەنجامدانی پرۆژەی "دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی کە لە مەترسیدان" ( کە کار دەکات بۆ دەستنیشانکردن و پاراستنی منداڵ لە ئێشکردن، دەرۆزەکردن و کێشەی دیکەی پاراستنی منداڵ) بە هەماهەنگی پۆلیسی نەوجەوانان- یەکەیەکی پۆلیسی حکومی کە سەرەتا بە هاوکاری منداڵپارێزی کوردستان دامەزرا. بەڕێوەبەرایتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دووچاری برینی مووچە و کەمی کارمەند بوویەوە، لەبەر ئەم هۆکارە منداڵپارێزی کوردستان بە پێویستیزانی هاوکاریماڵەکانی منداڵ بکات کە لەلایەن بەڕێوەبەرایتی چاودێری کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبرێت. پرۆژەی کاریگەری پانتاییەکانی هاورێی منداڵ کە لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێف فەنددەکرا بۆ دابینکردنی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی کەیس بۆ ٦٠٠٠ منداڵی ئاوارە و پەنابەر کە نیشتەجێی کەمپەکانی سلێمانی و دەوروبەرین لە ساڵی ٢٠١٧ کۆتاییهات لەبەر نەبوونی فەندی پێویست. وەهەروەها هاوکاری ئەو خێزانانەی کرد کە بەهۆی ئاڵۆزییەکانی کەرکوکەوە ڕویان لە ناوچەی گەرمیان و سلێمانی کردبوو و فریاگوزاری خێرای گەیاندە زیانلێکەوتوەکانی بومەلەرزەکەی دەربەندیخان و هەڵەبجە کە بە پلەی ٧.٨ بوو.

### گرتنەخۆی منداڵ :

گرتنەخۆ هاوکاری دارایی مانگانە لە ڕێگەی سپۆنسەرەکانییەوە دابیندەکات بۆ بەخشینی داهاتوویێکی گەشتر بۆ ئەو منداڵانەی

که سەرپەرشتیان لە دەستداوە یان سەرپەرشتیارەکەیان توانای کارکردنی نیە، تەنیا مەرجی ئەم هاوکارییە بەردەوامی منداڵەکەیە لەخوێندن. لەساڵی ٢٠١٧ لەڕێگەی پرۆگرامی گرتنەخۆوە یارمەتی مانگانە بۆ (١٤٣٦) منداڵی سوودمەند دابینکراوە، سەرچاوەی ئەم داهاتە لەلایەن کۆمپانیای IQ، سپۆنسەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و سندوقەکانی کۆمەکەوە دابیندەکرێت.

## پەروەردە :

پرۆگرامی پەروەردە چەند پرۆژەیەکی جیاواز و درێژخایەن لە خۆ دەگرێت بۆ خزمەتکردنی منداڵ و مەبەست لەم پرۆژەیە دابینکردنی شوێنێکی پارێزراو و تەندروستە بۆ منداڵ کە پەرە بە بەهرەو تواناکانیان بدەن و هاندەریان بێت بۆ بەردەوامیان لە خوێندن، لە ئێستادا حەوت کازیوە بەردەوام لە کارکردندایە و خوێندنگەی شەهید جەباری نموونەیی یەکێکی ترە لە پرۆژەکانی پەروەردەو بە یەکێک لە خوێندنگە سەرکەوتوەکانی کوردستان دادەنرێت و لەم ساڵدا ٣ خوێندکاری قۆناغی ١٢ توانییان ئاستی یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان بە دەستبهێنن لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی بەکەلۆری، هەروەها بەردەوامە لە بەڕێوەبردنی سەنتەری ڕاهێنانی پەروەردەیی بۆ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت وەک تاکە شوێن کە خزمەتی ئەو منداڵانە بکات کە ناتوانن لە ناوەندە پەروەردەییە حکومییەکاندا بەردەوام بن لە خوێندن.

## تەندروستی :

منداڵپارێزی کوردستان کار دەکات بۆ باشترکردنی تەندروستی منداڵان لە ڕێگەی دابینکردنی هاوکاری دارایی و ڕاوێژکاری بۆ ئەو منداڵانەی پێویستیان بە نەشتەرگەری یان دەرمان هەیە و هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی پزیشکی دەزگا حکومییەکان. لەبەر ئەوەی توانای دەزگا تەندروستیە حکومییەکان سنوورداره و خێزانی منداڵەکان کەم دەرامەتن، منداڵپارێزی کوردستان ساڵانە تێچووی نەشتەرگەری چەندەها منداڵ دەگرێتە ئەستۆی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و هەروەها تیمی پزیشکی بانگهێشت دەکات بۆ کوردستان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری و ڕاهێنانی پزیشکەکانی ناوخۆ.

لە ساڵی ٢٠١٧دا لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامە، ٣٥٥ منداڵی نەخۆش لە کوردستان و دەرەوەی وڵات نەشتەرگەری پێویستیان بۆ ئەنجامدراوە کە ٣٧ منداڵیان لە خێزانی ئاوارەو پەنابەری نیشتەجێی کوردستان بوون ئەمە جگە لە سەردانی بەردەوامی تیمی پزیشکی گەڕۆکی منداڵپارێزی کوردستان بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی و دابینکردنی چارەسەری خێرا بۆ منداڵی خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێی کەمپەکانی کوردستان و هاوکاریکردنی بەردەوامی نەخۆشخانەی منداڵان / سلێمانی و نەخۆشخانەی شار - بەشی نەبەکام / سلێمانی و نەخۆشخانەی سوتاوی/ سلێمانی و سەنتەری ڕاهێنانەوەی منداڵ/ سلێمانی.

## هاوکاریی منداڵی توشبوو بە شێرپەنجە (ئارا) :

مەبەست لەم پرۆژەیە پشتگیریکردنی لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی منداڵی تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجەی منداڵی و خێزانەکانیانە. ئەم پرۆژەیە لە نەخۆشخانەکانی ( هیوا لە سلێمانی و نانەکەلی لە هەولێر و سەنتەری ژین لە دهۆک) بەردەوامە لە خزمەتکردنی منداڵ بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی خۆبەخش. لە ڕێگەی هاوکاریکردنی منداڵ لە کاتی وەرگرتنی چارەسەر و ڕێکخستنی گەشتی پەلکەزێرینە و ئاهەنگی لە دایکبوون بۆ منداڵەکان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دایکان و باوکانی منداڵی نەخۆش و هۆشیارکردنەوەیان بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان و هەروەها پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە وەرگرتنی چارەسەر، دەرمان و پشکنین لە کاتی پێویست.

## بەرنامەی گەشەپێدانی توانای گەنجان :

منداڵپارێزی کوردستان لە سەرەتادا بەهۆی نەبونی شوێنێک بۆ گەنج بۆ دەرخستنی تواناکانیان و پێشخستنیان ئەم سەنتەرانەی کردۆتەوە لەو دیدەوە کە دوای قۆناغی کازیوەکان دەستپێدەکات بۆ بەردەوامبوون لە هاوکاریکردنی ئەو منداڵانەی دەچنە قۆناغی گەنجی، هەرچەندە لە ئێستادا شوێنی تر هەیە بۆ گەنجان سەردانی بکەن بەڵام جیاوازی سەنتەرەکانی گەنجانی سەر بە منداڵپارێزی کوردستان لەوەدایە کە ئەم سەنتەرانە وەک پەیمانگای فێربوون و کاری پیشەیی کار دەکەن لە ڕێگەی کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ کچان و کوڕان لە هەموو ئەو بوارانەی گەنج ئارەزوی دەکات پاشان بڕوانامە دەدرێت بەخوێندکاران کاری پێدەکرێت و هەر ئەمەش وای کردووە داواکاری زۆر بێت لەسەر خولەکانی سەنتەری گەنجان.



**دانا حسێن قادر / ئاراستەکاری بەرنامە لە منداڵپارێزی کوردستان**
ساڵی ١٩٦٦ لە دایک بووە
خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ئابووری و کارگێری
ساڵی ١٩٩٧ دەستیکردوە بە کارکردن لە منداڵپارێزی کوردستان



# پەیکەری پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان



## سوودمەندانی منداڵپارێزی کوردستان بە ژمارە لە ساڵی ٢٠١٧

کۆی گشتی ١٣٨٢١٨ منداڵ سوودمەند بوون.

خزمەتکردنی ٤٠٠٨٢ منداڵ لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکەنی پرۆگرامی پاراستنی منداڵ،

٢١٧٧٩ منداڵی سوودمەندی پرۆگرامی پاراستنی منداڵ ئاوارە و پەنابەر بوون.

دابینکردنی خزمەتگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ٩٢٠٨ منداڵ

لە ڕێگەی پرۆگرامی منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە.

سوودمەندبوونی ٦٨٤٢٠ گەنج لە پرۆگرامی گەشەپێدانی تواناکانی گەنجان.

دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ٣٣٥٤ منداڵ،

٢٢٢ منداڵیان ئاوارە و پەنابەر بوون.

هاوکاریکردنی ٤٨٠٥ منداڵی بێسەرپەرشت یان کەم دەرامەت.

بەشداریکردن و سودمەندبوونی ١٢٣٤٩ منداڵ لە پرۆژە پەروەردەییەکان،

١١٨٦ منداڵ ئاوارە و پەنابەر بوون.



# پاراستنی منداڵ

## پرۆژەی پاراستنی منداڵ لە ساڵی ١٩٩١ەوە کاردەکات بە ئامانجی پاراستنی مافەکانی منداڵ لە کوردستان/ عێراق لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵ/ نەتەوەیەکگرتووەکان.

### ئامانجی منداڵپارێزی کوردستان لە پاراستنی منداڵدا :

پاراستنی منداڵ ئامانجی گەورەو سەرەکی منداڵپارێزە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دابینکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی، دەرونیی، پەروەردەیی، تەندروستی، گەنجان، گرتنەخۆو ئارا، دەکەونە ژێر چەتری پاراستنی مافەکانی منداڵەوە.

پرۆگرامی پاراستنی منداڵ لە منداڵپارێزی کوردستاندا، هەموو ئەو هەوڵ و کارو ڕێکارانەیە، کە ڕێگری دەکات لە ڕوودانی هەر شێوازێک لە شێوازەکانی توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن و ئیستغلالکردنێک، بەرامبەر بە منداڵ لە ژینگە جیاوازەکانی وەک خێزان، کۆمەڵگە، پەروەدەو خوێندن، دامودەزگاو دامەزراوە حکومییەکان.

منداڵپارێزی کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە لە ساڵی ١٩٩١دا، هەموو هەوڵ و هاوکارییەکی خستۆتەگەڕ بۆ فەراهەمکردنی ژینگەیەکی پارێزراو، دوور لە هەموو شێوازێکی خراپ مامەڵەکردن و توندوتیژیی و چەوساندنەوەو ئیستغلالکردنێک بەرامبەر بە منداڵ، بە هاوکاریکردنی دامودەزگاو دامەزراوەکانی حکومەت و هەماهەنگی و بەشداری لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەڵەتییەکان بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی منداڵ، چونکە پاراستنی منداڵ تاکە سەرچاوەیە وەک مافێکی ڕەسەنی منداڵ، کە دەستەبەری مانەوەو گەشەیەکی شیاوو ژیانێکی شایستە بۆ هەموو منداڵێک دەکات.

ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و هەموو قەواڵەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندارەکانی تری تایبەت بە منداڵ، بنچینەو پێوەرن بۆ هەموو ئەو بەرنامەو پرۆژانەی کە ئەنجامی دەدەین لە بوارەکانی پاراستنی منداڵدا.

لە چوارچێوەی پاراستنی منداڵدا ستراتیژی منداڵپارێزی کوردستان لە بەرنامەو پرۆژەکانیدا، لە مەودای کورت و مامناوەندو درێژخایەندا، کاردەکات لەسەر: پاراستنی ئەو منداڵانەی کە لەژینگەی خێزانییان بێبەشن، هاوسەرگیریپێکردنی منداڵ، توندوتیژی بەرامبەر منداڵ، دادوەری نەوجەوانان، منداڵی ئیشکەر، ئەو منداڵانەی بازرگانیان پێوەدەکرێت و ئەو منداڵانەی بێبەشن لەناسنامە.

### پرۆژەکانی پاراستنی منداڵ لە ساڵی ٢٠١٧ دا :

#### * پرۆژەی دادوەری نەوجەوانان :

ئامانجی گەورەی پاراستنی منداڵ لە بابەتی دادوەری نەوجەوناندا، بەهێزکردن و گەشەکردنی سیستمی دادوەری نەوجەوانانە لە هەرێمی کوردستاندا. جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دادوەری نەوجەوانان لە ساڵی ٢٠١٧دا ئەم ئەنجامانەی بەدەستهێناوە.

دادوەری نەوجەوانان بابەتێکی سەرەکی و گرنگی پاراستنی منداڵە، دادوەری نەوجەوانان سەرجەم ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو نەوجەوانانە دەکەن کە بەرکەوتنیان لەگەڵ یاسادا هەیە، وەک: پۆلیسی نەوجەوانان، دادگای نەوجەوانان، چاکسازییەکانی بەشی نەوجەوانان، یاساو سیستمە کارپێکراوەکانی تایبەت بە نەوجەوانان، خانەی تێبینی بۆ ڕاگیراوان و ئەو دامودەزگایانەشی کە لە یاسا کارپێکراوە ناوخۆییەکاندا کارپێناکرێت یان چالاک نەکراون.

هۆکاری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان لە بابەتی دادوەری نەوجەوناندا لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە، لاوازی تواناو ڕۆڵی دامەزراوەکانی دادوەری بووە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و دەرونییەکان و یاساییەکان و پێداویستییە مادییەکان و ئەو ڕێکارانەی کە پێویستن بۆ شیاندنەوەو تێکەڵکردنەوەی نەوجەوانان بە کۆمەڵگە، بۆ پاراستنی مافەکانیان و سەرلەنوێ نەگەڕانەوەیان بۆ کەتن.

#### -خزمەتگوزاری دەروونی کۆمەڵایەتی :

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەروونی کۆمەڵایەتی بەو نەوجەوانانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ یاسادا هەیە. ئەم خزمەتگوزاریە لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی پێشکەش دەکرێت، لە ڕێگەی پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی کەیس و چاوپێکەوتن و سەردانکردنی خێزانی نەوجەوانان و ڕەوانەکردنی کەیس بۆ لای لایەنی پەیوەندیدار.(بڕوانە ئەم خشتەیە)

| ژمارەی سوودمەند | خزمەتگوزاری دەروونی کۆمەلایەتی |
|---|---|
| ٤١٥ | ژمارەی ئەو نەوجەوانانەی کە بەرکەوتنی لەگەڵ یاسادا هەبووەو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە |
| ٢١٨ | سەردانی مەیدانی بۆ خێزانی نەوجەوانان. |
| ٤٨٣ | پەیوەندیکردن بە خێزانی نەوجەوان بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی. |
| ٢٩ | خزمەتگوزاری پەروەردەیی بۆ ئەو نەوجەوانانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ یاسادا هەیە. |
| ١٧٨ | سەردانیکردنی نەوجەوان لە پرۆسەی چاودێری رەفتاردا. |
| ٦٥ | کەیسی رەوانەکراو بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەت (دادگا، پەروەردە، تەندروستی ...هتد). |
| ٤٠ | نەوجەوان بە مادەی تیرۆر چارەسەری بە کۆمەڵی (Therapy Group) بۆ کراوە. لە پۆلیسی نەوجەوانانی کەرکوک. |
| ١٤٢٨ | کۆی گشتی سوودمەندان |

- **خزمەتگوزاری یاسایی :**

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یاسایی بەو نەوجەوانانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ یاسادا هەیە، خزمەتگوزاریەکانیش پێکدێت لە (نوێنەرایەتیکردنی یاساییانەی نەوجەوانان لە کاتی دادگایی کردندا، کردنەوەی وەکالەت بۆ نەوجەوان، ئاسانکاری بۆ زوو ئازادکردنی نەوجەوان بە کەفالەت، پێشکەشکردنی رێنمایی یاسایی بە نەوجەوانان و خێزانەکانیان)(بڕوانە ئەم خشتەیە)

| سوودمەندان | خزمەتگوزاری یاسایی |
|---|---|
| ٤٣٧ | ژمارەی نەوجەوان کە خزمەتگوزاری یاسایی بەدەست گەیشتووە. |
| ٢٠٥ | نەوجەوان وەکالەتی بۆکراوەتەوە. |
| ١٨٣ | نەوجەوان کارئاسانیان بۆ کراوەو بە کەفالەت ئازاد بوون. |
| ٢٨ | نەوجەوان لە رێگەی خزمەتگوزارییە یاساییەکانەوە بەرێکاری چاودێری رەفتار سزا دراون. |
| ٧٤ | کەیسی نەوجەوان کە داخراوە. |
| ٩٢٧ | کۆی گشتی سوودمەندان |

- **بەهێزکردنی تواناکانی ئەو نەوجەوانانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ یاسادا هەیە :**

بەئامانجی شیاندنەوەی نەوجەوانان بۆ ناو کۆمەڵگا و بەهێزکردنی تواناکانیان چەندین چالاکی لە بوارەکانی وەرزش و هونەر و کارامەییەکانی ژیان ئەنجامدراوە.(بڕوانە ئەم خشتەیە)

| سوودمەندان | چالاکی |
|---|---|
| ٢٠٠ | بەشداربونی بەشی نەوجەوانانی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر لە خولی تۆپی پێ |
| ٢٥ | بەشداربونی بەشی نەوجەوانانی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر لە خولی هونەری |
| ١٥ | بەشداربوونی نەوجەوانانی چاکسازی سلێمانی لە سمینارێک دەربارەی مادە هۆشبەرەکان. |
| ١٠ | بەشداربونی لاوی تازە پێگەیشتو لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی ۆرکشۆپی ( Ice Breaking - شکاندنی بەستەڵەک) کە بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی وەرزشی مێشک. |
| ٢١ | ۆرکشۆپی (کارامەییەکانی ژیان و توانا کۆمەلایەتیەکان) بۆ نەوجەوانی چاکسازی ژنان ومنداڵانی سلێمانی |
| ٢٠ | بەشداربونی نەوجەوان کە لە ژێر چاودێری رەفتاردان لە خولی سەرتاشیدا لە سلێمانی و رانیەو گەرمیان. |
| ١٤ | بەشداربونی نەوجەوانانی راگیراو لە خولی پیشەیی چاککردنەوەی سپلیت لە کەرکوک. |
| ١٥٠ | بەشداربوونی نەوجەوانانی راگیراو لە بنکەی پۆلیسی کەرکوک لە راهێنانی رۆژانەی وەرزشییدا. |
| ٤٥٥ | کۆی گشتی سوودمەندان |

- **بەهێزکردنی تواناکانی کارمەندانی دامەزراوەکانی دادوەری نەوجەوانان :**

بەهێزکردنی تواناکانی کارمەندانی دامەزراوەکانی دادوەری رەگەزێکی گرنگە بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی نەوجەوان لەکاتی بەرکەوتنی لەگەڵ یاسادا و سەرچاوەیەکی سەرەکیشە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاریەکان لە دامەزراوەکانی دادوەری نەوجەواناندا، لەم بوارەدا ئەم خول و راهێنانە ئەنجامدراون.(بڕوانە ئەم خشتەیە)

| چالاكی | سوودمەندان |
|---|---|
| بەشداربونی كارمەندانی پرۆژەی دادوەری نەوجەوانان لە هەولێر، سلێمانی، كەركوك و گەرمیان لە خولی ڕاهێنان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی كەیس و چۆنێتی هەڵسەنگاندنی دەرونی. | ١٢ |
| بەشداربونی پۆلیسی نەوجەوانانی كەركوك، سلێمانی، هەولێر و چاكسازییەكانی سلێمانی و هەولێر لە خولی ڕاهێنان سەبارەت بە بنەماكانی پاراستنی منداڵ لە توندوتیژی. | ١٩٧ |
| بەشداربونی كارمەندانیماڵەكانی منداڵ سەر بەچاودێری كۆمەڵایەتی لە خولی ڕاهێنان سەبارەت بە پاراستنی منداڵ لە توندوتیژی. | ٢١ |
| بەشداربونی پارێزەران لە دادگای كەركوك لە خولی ڕاهێنان سەبارەت بەڕێكارە جێگرەوەكانی سزای بەندكردن بۆ ئەو نەوجەوانانەی كە كەتنێك ئەنجامدەدەن. | ٢٣ |
| بەشداربونی توێژەرانی دادگاكانی: هەولێر، سلێمانی و گەرمیان لە خولی ڕاهێنان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی دەرونی لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی كەیسدا. | ١٦ |
| بەشداربونی كارمەندانی كەناڵی تەلەفزیۆنیخاك لە ۆركشۆپی پاراستنی منداڵ لە كاری ڕاگەیاندندا | ١٦ |
| بەشداربونی كارمەندانی دادگاكانی: هەولێر، سلێمانی و گەرمیان لە خولی ڕاهێنان بۆ دارشتنی فۆرمێكی ستانداری هاوبەش بۆ كاركردنیان. | ١٢ |
| بەشداربوونی لایەنە پەیوەندیدارەكانی حكومەت و ڕێكخراوەكان لە ۆركشۆپی هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوەكانی دادوەری نەوجەوانان بۆ ئەو منداڵانەی لەمەترسیدان و بەركەوتنیان لەگەڵ یاسادا هەیە. | ١٧ |
| بەشداربونی پارێزەران لە ۆركشۆپی گرنگی كاری خۆبەخشی لە كەیسەكانی نەوجەواناندا بۆ پارێزەران لە شاری كەركوك. | ١٧ |
| كۆی گشتی سوودمەندان | ٣٣١ |

**- خزمەتگوزاری مادی :**

ئەم خزمەتگوزارییە پێكدێت لە دابینكردنی پێداویستی و كەلوپەلی جۆراوجۆر بۆ نەوجەوانان لە دامەزراوەكانی نەوجەواناندا، هەروەها دابینكردنی بەشێك لە خەرجی ڕۆژانە بۆ نەوجەوانان. لەم خزمەتگوزارییانەدا زیاتر لە ٥٠٠ پارچە كەلوپەل و هاوكاری دابەشكراوەو سەدان نەوجەوان سوودمەند بوون.

## * پرۆژەی دەستنیشانكردنی ئەو منداڵانەی كە لە مەترسیدان:

ئەم پرۆژەیە هاوكاری ئەو منداڵانە دەكات كە لە مەترسیدان (( ئەو منداڵانەی كە لە شوێنە گشتییەكان و شوێنكارەكاندا لەلایەن بەخێوكارو خاوەنكارەكانەوە ئیستغلال دەكرێن بۆ كاركردن و دەرۆزەكردن و زۆربەی كات لەژێر هەرەشەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیدان)). ئەم منداڵانە زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە مافیان پێشێل بكرێت لەلایەن خێزان و ئەندامەكانی ناو كۆمەڵگەوە، بەپێی دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنێك كە منداڵپارێزی كوردستان ئەنجامیدا، بۆ دەستنیشانكردنی قەبارەی ئەو كێشەیە لە ساڵی ٢٠١٧دا ٤٢٤ منداڵ كە تەمەنیان لە نێوان ٤-١٤ساڵە لە ناو شاری سلێمانیدا لە ژێر مەترسیدابوون. بە مەبەستی پاراستنی ئەو منداڵانە بە هاوكاری قائیمقامی ناوەندی سلێمانی، منداڵپارێز ۆركشۆپێكی ئەنجامدا بە بەشداری ڕێكخراوو دامودەزگا پەیوەندیدارەكان بۆ گەڵاڵەكردنی پرۆژەیەك، بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئەو منداڵانەی كە لە مەترسیدان، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەكی هاوبەش پێكهێنرا لە نێوان منداڵپارێزی كوردستان و هۆبەی پۆلیسی نەوجەوناندا بە بڕیاری قائیمقام، بە ناوی "لیژنەی پاراستنی منداڵ" بۆ دەستنیشانكردن و بەڕێوەبردن و چاودێریكردن و پاراستنی ئەو منداڵانەی لە مەترسیدان، ئامانجی لیژنەكەش كەمكردنەوەی ژمارەو پاراستن و چاودێریكردنی ئەو منداڵانە بوو كە لە مەترسیدان، ئەركی ئەم لیژنەیە لە بنچینەدا ئەركی پۆلیسی نەوجەوانانە بە پێی یاسا، بەڵام پۆلیسی نەوجەوانان بە هۆی كەمی میلاك و لاوازی توانای مادیی و نەبوونی ڕاژەی توێژەری كۆمەڵایەتییەوە، پۆلیسی نەوجەوانان لەتوانایدا نەبوو ئەم ئەركە جێبەجێ بكات، منداڵپارێزی كوردستان هاوكاری پۆلیسی نەوجەوانانی كرد بۆ پێكهێنانی لیژنەكە بە چوار توێژەری كۆمەڵایەتی و پاسێك و شۆفێرێك و هاوكاریكردنی پارەی هاتوچۆی هەشت پۆلیس و ئەفسەر، دابینكردنی پێداویستی و خواردنی ئەو منداڵانەی دەستنیشان دەكرێن.

- ئەو ئەنجامانەی كە لیژنەكە لە ماوەی حەوت مانگی كاركردنیدا بە دەستی هێناوە لە ئەنجامی سەردانیكردنی شوێنە گشتییەكان بۆ دەستنیشانكردن و چاودێری و پاراستنی ئەو منداڵانەی كە لە ژێر مەترسیدان ئەمانە بوو:

- لەماوەی پرۆژەکەدا ٦١٨ سەردانی شوێنە گشتییەکان و شوێنکارو کافتریاو سەنتەری یاریی و میوانخانەو فولکەو ترافیک لایت کراوە بە مەبەستی دەستنیشانکردن و چاودێری و پاراستنی ئەو منداڵانەی لە مەترسیدان، ٣٣٦ سەردانیان لە رۆژدا بووە، ٢٨٢ سەردانیان لە شەودا بووە.
- لە شوێنە گشتییەکان و شوێنکارەکانی ناو بازارەکانی شاری سلێمانیدا لە ئەنجامی سەردانییە مەیدانییەکانی رۆژو شەوی لیژنەی پاراستنی منداڵ، ٤٨٣ منداڵ (٣٧٩ کور- ١٠٤ کچ) کە لەژێر مەترسیدابوون دەستنیشانکرا کە تەمەنیان لە نێوان ٤-١٧ساڵ بووە، ٣٤٥ منداڵیان ئاوارە بووە، ٣٧ منداڵیان پەنابەر، ٤٩ منداڵیان ناوخۆیی بوون و ٥٢ منداڵیان لە خێزانە دەوارنشینەکانی ناو سلێمانی بوون.
- ٣٧٢ منداڵ بەرێوەبردنی کەیسی بۆ ئەنجامدرا، چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزانی ٣٧٢ منداڵ کراوە ، ٨٢ سەردانی مەیدانی خێزانی کراوە، ٥٠ کەیس رەوانە کراوە (٢٤ کەیس بۆ UNHCR، ١٤ کەیس بۆ پۆلیسی نەوجەوانان و ١٢ کەیس بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی ). دەستنیشانی ٥٩ پێشێلکاری کراوە کە خاوەنکارەکان ئەنجامیانداوە بەرامبەر بە منداڵ.

*** پرۆژەی هاوکاریکردنی ماڵەکانی منداڵی سەر بە بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی:**

ماڵەکانی منداڵی سەر بە بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی لە سێ ماڵ پێکدێت بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئەو منداڵانەی کە کەسی یەکەمی سەرپەرشتیکردنیان لەدەستداوە بەهۆی هۆکاری جیاوازەوە، ماڵی منداڵی ٠-٤ ساڵ منداڵی کور و کچ لە خۆ دەگرێت، ماڵی کوران تەنها منداڵی نێرینە لەخۆدەگرێت لە تەمەنی ٥ - ١٨ ساڵ، ماڵی کچان تەنها رەگەزی مێینە لەخۆدەگرێت. بەپێی یاساو سیستەمی ماڵەکانی منداڵ حوکمەت بەرپرسی یەکەمە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەو شیاوو چاودێری و پاراستن و پەروەردەکردنی ئەو منداڵانە لە رێگەی ئەو ماڵانەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمبونەوەی دەوامی کارمەندەکان و کەمی میلاک و کەم توانایی مادی ئەو دامەزراوانەوە، چاودێری کۆمەڵایەتی لە توانایدا نەبوو لە ئاستی پێویستدا خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بەو منداڵانە بکات، منداڵپارێزی کوردستان بە ئامانجی باشترکردنی ئاستی چاودێری و پاراستنی ئەو منداڵانەی لەو ماڵانەدا دەژین لەرێگەی پرۆژەیەکەوە هاوکاری چاودێری کۆمەڵایەتی کرد لە ماوەی ١٠ مانگی ساڵی ٢٠١٧دا، ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتون لە ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا:-

- لە ماڵی منداڵی(٠ - ٤) ساڵدا ٢٣ منداڵ سوودمەند بوون (١٠ کچ، ١٣ کور)، لە رێگەی زیادکردنی ژمارەی چاودێری رۆژو شەوەوەو توێژەری کۆمەڵایەتییەوە، بە دامەزراندنی شەش چاودێری شەو و پێنج چاودێری رۆژ و دوو توێژەری کۆمەڵایەتی بەگرێبەست و دوو کارگوزار لە لایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە.
- لە ماڵی کوراندا ٢٠ منداڵی تەمەن ٥ - ١٨ساڵ سودمەند بوون لە رێگەی دامەزراندنی چوار توێژەر بەگرێبەست لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە.
- لە ماڵی کچاندا ٢٥ منداڵ سودمەند بوون، لە رێگەی دامەزراندنی دوو چاودێرو توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە.
- هاوکاریکردنی دارایی ٥٨ کارمەندی ماڵەکانی منداڵ بۆ ماوەی سێ مانگ بە ئامانجی باشترکردنی چاودێری و پاراستنی ئەو منداڵانەی کە لەماڵەکاندا بەخێودەکرێن و پەروەردە دەکرێن. مەبەست لە پرۆژەکە زیادکردنی دەوامی کارمەندەکانی ماڵەکانی منداڵی سەر بەچاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی بوو کە بەهۆی کەمکردنەوەی موچەکانیان دەوامیان کەمدەکرد بەمەش ئاستی چاودێری منداڵەکانی ناو ماڵەکان کەمیکردبوو لەبەر ئەم هۆکارە منداڵپارێزی کوردستان ئەم پرۆژەیەی جێبەجێکرد.

*** چالاکی پرۆگرامی پاراستنی منداڵ لە شاری هەولێر:**

**خشتەی ژمارەیەک لەو خزمەتگوزاریانەی پرۆگرامی پاراستنی منداڵ کە لە شاری هەولێر پێشکەشی کردووە:**

| چالاکی | ژ یەکە | ژ. سودمەند | جۆری خزمەتگوزاری |
|---|---|---|---|
| دابەشکردنی برۆشەر دەربارەی دەستپاکی | ٢٥ | ١١٢٥٠ | هۆشیاری کۆمەڵایەتی |
| بڵاوکردنەوی بەندەکانی مافی منداڵ | ٢ | ٤٢٠ | هۆشیاری کۆمەڵایەتی |
| روپێوی منداڵانی ئیشکەر | ١ | ٢٠٠٠ | دەستنیشانکردنی رێژەی منداڵی ئیشکەر لە ناو بازار |
| دابینکردنی دایەنگەیەک بۆ منداڵانی چاکسازی ژنان / هەولێر بە گوژمەی ٩ ملیۆن دینار | ١ | ١٠٠ | شوێنی حەوانەوەی منداڵان و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ دایکانی راگیراو |
| کردنەوەی پێشانگا لە چاکسازی/ هەولێر | ٢ | ٢٢٠ | پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٣٩٩٠ | |




پانتایی هاوڕێی منداڵ - کەمپی ئاوارەی ئاشتی/ عەربەت

## * پرۆژەی پانتایی هاوڕێی منداڵ:

پرۆژەیەکی یەک ساڵییە و ڕێکخراوی یونسێف فەندی دەکات. ئەم پرۆژەیە لە بەرواری ١٠/ ٧ / ٢٠١٦ دەستیپێکرد و لە بەرواری ١٠ / ٧ / ٢٠١٧ کۆتاییهات. ئامانج لە پرۆژەکە، پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتیە بۆ منداڵی ئاوارەی تەمەن (٥-١٧) ساڵ لە کەمپەکانی ئاشتی/ عەربەت، بەرزنجە/ شارباژێڕ، تازەدێ/ کەلار و ناوچەی پیرەمەگروون. هەروەها کارکردن بۆ بەهێزکردنی ئاستی بەرپرسیارێتی خێزان و کۆمەڵگا سەبارەت بە پاراستنی منداڵ لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی کەیس و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە.

ڕۆژانە لە پانتایەکاندا منداڵان بەشداری لە چالاکی هونەری (موزیک، وێنەکێشان، ئیشی دەست، شانۆ و چالاکی وەرزشی)دا دەکەن و لە ڕێی ئەو چالاکیانەوە توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان دەستنیشانی ئەو منداڵانە دەکەن کە پێویستیان بە پاڵشتیکردن هەیە لە ڕووی (دەرونی، کۆمەڵایەتی، ماددی و تەندروستی)ەوە. سەرجەمی سوودمەندانی نیوەی دووەمی پرۆژەکە بیرتیە لە (٢٠,٣١٤) منداڵ و ژمارەی ئەو منداڵانەشی کە بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان کراوە و پاڵپشتیکراون بریتیە لە (٦٩٦) منداڵ.

هەر لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا چەند چالاکی تر ئەنجامدراون:
- دوو برۆشور بە زمانی عەرەبی و کوردی دەربارەی هاوسەرگیری منداڵ و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ ئامادەکران و دابەشکران، هەروەها نامیلکەیەکیش دەربارەی مافەکانی منداڵ بە زمانی عەرەبی ئامادەکرا و دابەشکرا. هەروەها چەندین پۆستەر و وێنەی هۆشیارکەرەوە دەربارەی مافەکانی منداڵ لەسەر دیواری ناو کەمپەکان کێشران و منداڵانیش بەشداربوون لە ڕەنگکردنیاندا.

-چەند یەکەیەکی پاراستنی منداڵ لەو شوێنانەدا کە پانتاییەکانی لێیە، پێکهێنرا. مەبەست لەم یەکانە، بەهێزکردنی ئاستی بەرپرسیارێتی خێزان و کۆمەڵگایە سەبارەت بە پاراستنی منداڵ، هەروەها لە ناو کۆمەڵگادا لە کاتی نەبوونی ئاکتەری پاراستنی منداڵدا ئەم یەکانە وەک ڕێکارێک وان بۆ دەستنیشانکردن و بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی منداڵ دەبنەوە و هەماهەنگی ئەکتەرەکانی پاراستنی منداڵ دەکەن لە دەستنیشانکردنی پێشێلکاریەکاندا بەرامبەر بە منداڵ لەو ناوەندەی کە تێیدان. ئەم یەکانە پۆلێن کراون بەسەر سێ گروپی جیاوازدا کە بریتین لە (منداڵ، گەنج و کۆمەڵگا) وە ئەندامانی ئەم یەکانە بەشداریان لە ڕاهێنانێکی تایبەتدا کردوە دەربارەی مافەکانی منداڵ و بابەتەکانی پاراستنی منداڵ. ژمارەی ئەم یەکانە بریتیە لە ٩ یەکەی منداڵ و ٨ یەکەی گەنجان و ٥ یەکەی کۆمەڵگا.

*** کۆی گشتی ئەو منداڵانەی سودمەندبوون لە پانتاییەکان لە ١ / ١/ ٢٠١٧ تا ١٠ / ٧/ ٢٠١٧ :**

| نیشاندەر | ئاشتی | | بەرزنجە | | پیرەمەگرون | | تازەدێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی سەردانی پانتاییەکانیان کردووە و بەشداربوون لە چالاکیە دەروونییەکاندا | ٣٩٤٦ | ٤٠٥٠ | ٧٧٦ | ٩٢٦ | ١٩٨٩ | ٣٧٨٥ | ٢٤٩٩ | ٢٣٤٣ |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی خزمەتگوزاری تایبەتیان وەرگرتوە لە ڕێی بەڕێوەبردنی کەیس و بەدواداچون و ڕەوانەکردن | ٨٦ | ١٦٩ | ٢٩ | ٤٠ | ٥٨ | ٨٥ | ٧١ | ١٥٨ |




خولی راهێنان بۆ مامۆستایانی کەمپی ئاوارەی ئاشتی/ عەربەت

## * بەدواداچوونی کەیسی تایبەت :

| شوێن | ژمارەی ئەو منداڵانەی چارەسەری تەندروستیان بۆ ئەنجامدراوە | | ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ڕووبەڕووی خراپ مامەڵەکردن بوونەتەوە | | ژمارەی ئەو منداڵانەی خراونەتەوە بەر خوێندن | | ژمارەی ئەو منداڵانەی خوار ١٥ساڵن و دورخراونەتەوە لە کارکردن | | ژمارەی ئەو منداڵانەی خزمەتگوزاری دەرونیان پێ گەیشتوە | | ژمارەی ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشتن و هاوکاری کراون | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ |
| ئاشتی | ٣٥ | ٧٠ | ١١ | ٢٥ | ٢ | ٥ | - | ١٩ | ١١ | ١٨ | ٢٧ | ٣٢ |
| بەرزنجە | ١٧ | ٢٣ | ٢ | ١ | ١ | ٣ | - | ١ | ٨ | ١٢ | ١ | - |
| پیرەمەگرون | ٣٠ | ٣٤ | - | ٤ | ١١ | ١٢ | - | ٧ | ٦ | ١٢ | ١١ | ١٦ |
| تازەدێ | ٢٣ | ٤٧ | ١١ | ٢٨ | ١٥ | ٢٤ | - | ٢٠ | ٩ | ٢٤ | ١٣ | ١٥ |
| کۆ | ١٠٥ | ١٧٤ | ٢٤ | ٥٨ | ٢٩ | ٤٤ | - | ٤٧ | ٣٤ | ٦٦ | ٥٢ | ٦٣ |
| کۆی گشتی | ٢٧٩ | | ٨٢ | | ٧٣ | | ٤٧ | | ١٠٠ | | ١١٥ | |

## * ئەنجامدانی وۆرکشۆپ :

| بابەتەکان | ئاشتی | | بەرزنجە | | پیرەمەگرون | | تازەدێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو |
| ژمارەی ئەو دایک و باوکانەی بەشداربون لە وۆرکشۆپی هۆشیارکردنەوە دەربارەی مافەکانی منداڵ و پاراستنی منداڵ | ٣٥٤ | ٣٣٨ | ٤٤ | ٣٥ | ٨٣٣ | ٧٣٥ | ٤١ | ٨٣ |
| ژمارەی ئەو دایک و باوکانەی بەشداربون لە وۆرکشۆپی هۆشیارکردنەوە دەربارەی ئاکامە خراپەکانی هاوسەرگیری منداڵ | ٢٢٦ | ١٩٤ | ٢٠ | ١٧ | ٤٦٢ | ٥٣٨ | ٤٧ | ٤٢ |
| ژمارەی ئەو دایک و باوکانەی بەشداربون لەوۆرکشۆپی هۆشیارکردنەوە دەربارەی ئاکامە خراپەکانی خراپ مامەڵەکردن بەرامبەر بە منداڵ | ١٨٤ | ١٥٩ | ٣٢ | ٢٤ | ٢٧٣ | ٢٤١ | ٨٥ | ٩٣ |
| ژمارەی ئەو دایک و باوکانەی بەشداربون لە وۆرکشۆپی هۆشیارکردنەوە دەربارەی کارکردنی منداڵ | ٦٢ | ٨٧ | - | - | - | - | ٢٥ | ١٠ |
| ژمارەی ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنگەی کەمپەکاندان و بەشداربون لە وۆرکشۆپی هۆشیارکردنەوە دەربارەی ئاکامە خراپەکانی توندوتیژی | ١٢ | ٥٠ | ١ | ٤ | - | - | ٤ | ١٧ |
| ژمارەی ئەو کارمەندانەی منداڵپارێز کە بەشداربون لە وۆرکشۆپی دەستنیشانکردنی حاڵەتە دەرونیەکان | ٨ | ١٠ | ٤ | ٤ | ٩ | ٥ | ٣ | ٨ |



تویژەری کۆمەڵایەتی منداڵپاریز لە کاتی هەڵسەنگاندنی قەبارەی منداڵی ئیشکەر / هەولێر

### * پرۆژەی فریاگوزاری ئاوارە و پەنابەر:

تەواوبونی ماوەی پرۆژەی پانتایی هاوڕێی منداڵ و زۆری ژمارەی منداڵی ئاوارە و پەنابەر کە پێویستیان بە پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ماددی هەیە ، هەروەها زۆری ئەو منداڵانەی لە لایەن ڕێکخراو و دامودەزگا حکومیەکانەوە ڕەوانەی منداڵپاریزی کوردستان دەکران، بوونە هۆی ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی کار بۆ بەدواداچون و وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستیانە دەکات کە ڕووبەڕووی منداڵی ئاوارە و پەنابەر و خێزانەکانیان دەبنەوە.

### * ئەو منداڵانەی بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکانیان کراوە و پاڵپشتیکراون :

کۆی ئەو منداڵە ئاوارە و پەنابەرانەی کە بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکانیان کراوە و پاڵپشتی کراون بریتیە لە (٦٩٥) منداڵ کە (١٢٨) منداڵیان لە لایەن ڕێکخراو و دامودەزگا حکومیەکانەوە ڕەوانەی منداڵپاریزی کوردستان کراون.

| بابەت | ڕەگەز | منداڵی ئاوارە | منداڵی پەنابەر | کۆ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ئەو منداڵانەی چارەسەری تەندروستیان بۆ ئەنجامدراوە | کچ | ٢٤ | ٢ | ٢٦ | ٦٣ |
| | کوڕ | ٣٧ | - | ٣٧ | |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی خراپ مامەڵەکردن بونەتەوە | کچ | ١١ | - | ١١ | ٣٥ |
| | کوڕ | ٢٤ | - | ٢٤ | |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی گەڕێنراونەتەوە خوێندنگە | کچ | ٣ | ٩ | ١٢ | ٧٠ |
| | کوڕ | ٥٢ | ٦ | ٥٨ | |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی خوار ١٥ ساڵن و دورخراونەتەوە لە کارکردن | کچ | ١٧ | - | ١٧ | ١٢٧ |
| | کوڕ | ١٠٠ | ١٠ | ١١٠ | |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی خزمەتگوزاری دەرونیان پێ گەیشتوە | کچ | ٨ | - | ٨ | ٣٠ |
| | کوڕ | ٢٢ | - | ٢٢ | |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی هاوکاری ماددی کراون | کچ | ٢٠ | ٢ | ٢٢ | ٥٢ |
| | کوڕ | ٢٤ | ٦ | ٣٠ | |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی جل و بەرگ و پێڵاویان بۆ دابینکراوە | کچ | ١٢٢ | ٧ | ١٢٩ | ٣٠٧ |
| | کوڕ | ١٧٨ | - | ١٧٨ | |
| ژمارەی ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشتن و هاوکاریکراون | کچ | - | - | - | ١ |
| | کوڕ | ١ | - | ١ | |



بەهاناوەچوونی منداڵی کەرکوک و دوزخورماتوو/ کەمپی ئاوارەکان- سورداش

### * بەهاناوەچوونی دانیشتوانی کەرکوک و دوزخورماتوو :

لە پاش ئاڵۆزیەکانی شاری (کەرکوک و دوزخورماتوو) بەشێک لە دانیشتوانی کەرکوک و دوزخورماتوو ڕویان لە ( ناوچەکانی چەمچەماڵ و ئیدارەی گەرمیان و کەمپی سورداش و کەمپی بەرزنجە / سلێمانی) کرد. منداڵپاریزی کوردستان وەڵامدانەوەی خێرای هەبوو بۆ پێداویستیە سەرەکییەکانیان بەم شیوەیەی لای خوارەوە:

| کەلوپەل | چەمچەماڵ | کەلار | کەمپی سورداش | کەمپی بەرزنجە |
|---|---|---|---|---|
| کەلوپەلی ناخۆراکی | ١٦٠٠ بەتانی، ٣٠ ژێر خێمە، ٣٠٠ دایبی | ٨٠٠ بەتانی، ٥٠ حەسیر، ٣٠٠ دایبی، ٢٠٠ پارچە جل و بەرگ و پێڵاوی منداڵ | ٣٤١ پارچە جلو بەرگ و پێڵاوی منداڵ | ١٩١ پارچە جلو بەرگ و پێڵاوی منداڵ |
| کەلوپەلی خۆراکی | ٥٥٠ قوتو شیر، ٧٥ کێس ئاو | ٥٥٠ قوتو شیر، ٦٥ کێس ئاو | ژەمێک خواردنی گەرم بۆ ١٠٠٠ نەفەر | - |

### * بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی بومەلەرزەکەی دەربەندیخان:

ڕۆژی ١٢ /١١/ ٢٠١٧ بومەلەرزەیەک لە ناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران ڕوویدا: منداڵپارێزی کوردستان ڕووپێویەکی ئەنجامدا بۆ دەستنیشانکردنی زەرەر و زیانەکانی بومەلەرزەکە و دەستنیشانکردنی ئەو خێزانانەی زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە، ٦٠٠٠ لیتر نەوت، ٢٤٠ بەتانی و ١٢٠ زۆپا بەسەر ١٢٠ خێزان لە سنوری گوندەکانی شەمێران/ دەربەندیخان کە ژمارەی منداڵەکانیان ٤٢٨ (٢٢٨ کچ و ٢٠٠ کوڕ) منداڵ بوون دابەشکرا. کەلوپەلەکان بریتیبوون لە ( ١ زۆپای جۆری تۆربۆ، ٢ بەتانی و ٥٠ لیتر نەوت) بۆ هەر خێزانێک بە فەندی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی.



بەهاناوەچوونی زیانلیکەوتوانی بومەلەرزە/ گوندەکانی شەمێران

# گرتنەخۆ

## پرۆگرامی گرتنەخۆی منداڵپاریزی کوردستان
## یارمەتیەکی مادی مانگانە و هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو منداڵانە و خێزانەکانیان دابیندەکات کە پێویستیان بە یارمەتیدانە.

### ئامانجی پرۆگرامی گرتنەخۆ:

پرۆگرامی گرتنەخۆ یەکێک بووە لە یەکەمین پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەستی کردووە بە پێشکەشکردنی هاوکاری و پشتگیریکردنی منداڵانی بێسەرپەرشت یان کەمدەرامەت. لە ڕێگەی پرۆگرامی گرتنەخۆوە سپۆنسەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان پێداویستی پێشکەش بە منداڵان دەکەن بۆ ئەوەی منداڵان لە خوێندن بەردەوام بن و لە خوێندنگە دانەبڕێن لە پێناوی کارکردن.

### گرنگی پرۆگرامی گرتنەخۆ:

لەخۆگرتی منداڵێک دەشێت گۆڕانێکی درێژخایەن بەدیبهێنێت نەک هەرلە ژیانی منداڵدا بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگە. هەموو منداڵێک مافی ژیانی هەیە لە ژینگەیەک کە هەموو مافەکانی تیا پارێزراوە .هەژاری هەمیشە بەربەستێکە ڕێگری دەکات لەوەی منداڵان چێژ لە مافەکانیان وەربگرن. کاریگەری ئەم پرۆگرامە دیارە لە کەم کردنەوەی هەژاری و هاندانی منداڵ بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن. پرۆگرامی گرتنەخۆ ناوی ئەو منداڵانە تۆمار دەکات کە دایک و باوکیان نیە یان یەکێک لە بەخێوکەرەکانیان لەدەستداوە و ئاستی بژێویان نزمە، یان ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان توانای کارکردنیان کەمە.

چەند ساڵێکە قەیرانێکی ئابووری هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە و بووەتە هۆی دواکەوتنی موچەی کارمەندانی مەدەنی و کەمبوونەوەی هاوکارییەکانی حکومەت بۆ منداڵانی شەهید کە وای کردووە ژمارەی ئەو منداڵانەی پێویستیان بە هاوکارییە روو لە زیادبوون بکات. منداڵپارێزی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانی هاوکاری ئەم منداڵانە بکات بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی منداڵان، هێشتا زۆر منداڵ چاوەڕێی هاوکارییە.

### چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجی پرۆگرامی گرتنەخۆ:

کارمەندی توێژەری کۆمەڵایەتی منداڵپارێزی کوردستان سەردانی خێزانەکان دەکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو خێزانانە، ئەگەر خێزانێک هەموو مەرجەکانی ئەم پرۆگرامەی تیادابوو ئەوە ناویان لە پرۆگرامی گرتنەخۆ تۆمار دەکرێت، بەمەرجێک سەرپەرشتیاری ئەو منداڵە ڕازی بێت و بەڵێن بدات کە ئەو منداڵە لەخوێندن دانەبڕێت، ئەمەش بۆ نەهێشتنی منداڵی ئیشکەرە و هاندانی منداڵانی کەمدەرامەت بۆ بەردەوامبوون لە پرۆسەی خوێندن.

هاوکاری دارایی پێشکەشدەکرێت لەلایەن ئەو سپۆنسەرانەی کە ناوی خۆیان لە منداڵپارێزی کوردستان تۆمار کردووە بۆ سپۆنسەرکردنی منداڵان.

کارمەندانی ئەم پرۆگرامە لە داهاتوودا ئەو خێزانانە بەسەر دەکەنەوە کە ناویان تۆمار کراوە لە پرۆگرامی گرتنەخۆدا وە هاوکاری دارایی مانگانە دەبەخشن بە دایک و باوک یان سەرپەرشتیاری ئەو منداڵانە بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی وەک پۆشاک و خواردن و پێداویستی خوێندن.

### کارو چالاکی ساڵی ٢٠١٧ :

* ساڵی ٢٠١٧ لە ڕێگەی پرۆگرامی گرتنەخۆوە یارمەتی مانگانە بۆ (١٤٣٦) منداڵی سوودمەند دابینکراوە، بڕی (٧٢٦,١٣٤,٠٠٠) حەوت سەد و بیست و شەش ملیۆن و سەدو سی و چوار هەزار دینار دابەشکراوە، بڕی یارمەتیەکان مانگانە لە نێوان (٣٣٠٠٠ بۆ ١٢٥٠٠٠) دینار بووە( خشتەی ژمارە ١ ).

* ئەم داهاتانە لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە دابین دەکرێت. (٨٩٠) منداڵ لە لایەن کۆمپانیای IQ Networks یارمەتیەکانیان دابیندەکرێت، (١٨٥)منداڵ لەلایەن سپۆنسەران لە وڵاتانی (سویسرا، ئیتاڵیا، هۆڵندا،بەریتانیا و فنلندا)، (٢٠٠) منداڵ لەلایەن سپۆنسەرانی کوردستانەوە مانگانە هاوکاری وەردەگرن. (١٦١) منداڵی سوودمەند مانگانە هاوکاریەکانیان لە (سندوقی کۆمەک)ی تایبەت بە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانەوە بۆ دابیندەکرێت.

* له ساڵی (٢٠١٧)دا توانراوه (٢٧٩) منداڵی سوودمەند لەخۆبگیرێت. لەکۆی ئەو ژمارەیەش کە لەخۆگیراون (١٦١) منداڵ لە سندوقی کۆمەک و(٧٤) منداڵیشیان لەلایەن سپۆنسەرانی ناوخۆی کوردستانەوە لەخۆگیراوە کە بەشێک لەو سپۆنسەرانە لە منداڵێک زیاتریان لەخۆگرتووە بۆ نمونە (٥٠) منداڵ لەلایەن یەک سپۆنسەر لەناوەوەی کوردستان لەخۆگیراوە مانگانە بڕی (٥٠) هەزار دینار بۆ هەر منداڵێک دابینەکات، هەروەها (٢٤) منداڵیان لەلایەن کەسانی ترەوە لەخۆگیراون و (٢٩) منداڵیان لەلایەن کۆمەکی دیکە سپۆنسەرکراون کە لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە کۆکراوەتەوە و (١٤) منداڵ لەلایەن سپۆنسەرانی وڵاتی سویسرا و (١) منداڵ لەلایەن سپۆنسەرێکی بەریتانیەوە لەخۆگیراون.

* (٢٨٠٢) منداڵ لەماوەی ئەمساڵدا لەپاڵ هاوکاری مانگانەیاندا هاوکاری تریان بەدەست گەیشتووە و جۆری هاوکارییەکەش بەپێی پێویستی خۆیان و خێزانەکیان بووە. وەک هاوکاری دارایی بۆ (٣٧٢) منداڵ بە بڕی (٣٠,٤٠٥,٥٠٠) سی ملیۆن و چوار سەد و پێنج هەزار و پێنج سەد دینار. بڕی(٤,٥٨١,٠٠٠) چوار ملیۆن و پێنج سەد و هەشتا و یەک هەزار دینار لەسندوقی کۆمەکەوە دابینکراوەو بڕەکەی تریشی لەلایەن خێرخوازانەوە دابینکراوە، ٢٥ خێزان کەلوپەلی ناوماڵی بۆ دابینکراوە، ٣٤٩ منداڵ پێداویستی خوێندنگای بەدەست گەیشتووە کە ٣٢٠ پاکێجی لەلایەن خێرخوازێکەوە دابینکراوە. ٤٦٢ دەست جلوبەرگی نوێ کە ٣٥٧ دەست جلوبەرگ لە مانگی ڕەمەزاندا لەلایەن خێرخوازێکەوە گەیشتووە بەدەست منداڵانی سوودمەند. ١٦١٧ بەشە خۆراک بەسەر خێزانی منداڵی سودمەندی پرۆژەکە دابەشکراوە کە١٢٩٠ بەش لەلایەن هەمان خێرخوازی پێشووەوە بووە.

* ساڵی ٢٠١٧، پرۆگرامی گرتنەخۆ لە شاری کەرکوک جگە لەدابینکردنی موچەی ١٧١ منداڵ، هاوکاری ٣٩٦ منداڵی سوودمەندی کردووە بە دابینکردنی کەلوپەلی ناوماڵ و جلوبەرگ و خۆراک، هەروەها (د. بەشیر ئەنوەر) خۆبەخشانە (پشکنین و هەموو شیکارییەک بۆ سوودمەندانی گرتنەخۆ دەکات) و کارمەندانی بنکەی تەندروستی موسەڵا / کەرکوک لەکاتی وەرگرتنی موچە هوشیاری تەندروستی پێویست دەدەنە خێزانەکان دەربارەی خۆپاراستن لە مەترسی نەخۆشییە گوازراوەکان.

* لە مانگی (٤ / ٢٠١٧)دا، بەمەبەستی زیاتر هاوکاریکردنی منداڵانی بێسەرپەرشت پرۆژەی (ئاژەڵداری لە سنوری چەمچەماڵ) جێبەجێکرا. لەم پرۆژەیەدا هاوکاری بۆ (٢٢) خێزان دابینکراوە. بەپێدانی (٤ مەڕ+٤ بەرخ) بە هەر خێزانێک کە لە بنچینەدا ئەو خێزانانە سوودمەندی بەرنامەی گرتنەخۆن و مانگانە هاوکاری وەردەگرن. ئەم پرۆژەیە بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی ئەو خێزانانەیە و هاندانیانە بۆ کارکردن و پشت بەستن بە خۆیان. فەندی ئەم پرۆژەیە لەلایەن ڕێکخراوی FSK لە وڵاتی سویسرا دابینکراوە بەبڕی ٢٧,٨٩٤,٧٥٠ بیست و حەوت ملیۆن و هەشت سەدو نەوەدو چوار هەزارو حەوت سەدو پەنجا دینار.

**خشتەی ژمارە (١) سەرچاوەی کۆمەک:**

| شوێنی دابەشکردن | سەرچاوەی کۆمەک | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | KSC | کوردستان | سویسرا | ئیتاڵیا | هۆڵندا | بەریتانیا | فنلەندا | سندوقی کۆمەک | کۆ |
| سلێمانی | ١٩١ | ٣٢ | ٢٥ | ٥ | ٣ | ٢ | ١ | ٢٥ | ٢٨٤ |
| قەڵادزێ | ٩٧ | ٣٥ | ٥ | ٤٧ | ١ | ٠ | ٠ | ٢٠ | ٢٠٥ |
| کۆیە | ١١٣ | ٢١ | ١٢ | ١ | ١ | ٠ | ٢ | ٢٤ | ١٧٤ |
| چەمچەماڵ | ١١٩ | ٢٢ | ١٧ | ٢ | ١ | ٠ | ١ | ٢٤ | ١٨٦ |
| هەڵەبجە | ١٠٢ | ٢٣ | ١٠ | ٥ | ١ | ٠ | ٢ | ٢٢ | ١٦٥ |
| کەلار | ١٥٣ | ٣٩ | ٢٨ | ٢ | ١ | ٣ | ٢ | ٢٣ | ٢٥١ |
| کەرکوک | ١١٥ | ٢٨ | ٤ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٢٣ | ١٧١ |
| کۆ | ٨٩٠ | ٢٠٠ | ١٠١ | ٦٢ | ٩ | ٥ | ٨ | ١٦١ | ١٤٣٦ |

**پلانی کارکردن بۆ ساڵی ئاییندە :**

١- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سپۆنسەری نوێ لە دەرەوەی کوردستان بە پەیوەندیکردن بەو گروپ و کەسانەی لە وڵاتانی دەرەوە ماوەی چەندین ساڵە سپۆنسەر و هاوکارمانن لە دۆزینەوەی سپۆنسەری نوێ

٢- هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی( بەرنامەی گرتنەخۆ بە کۆمەڵ) واتە دابینکردنی یارمەتی سوودمەند لەلایەن چەند سپۆنسەرێکەوە لە کوردستان یان لەدەرەوەی.

٣- پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ سەبارەت بە دابینکردنی هاوکاری مانگانە بۆ (٣٣٤) منداڵ کە فۆرمی نوێیان بۆ پڕکراوەتەو پێویستە لەساڵی ئایندەدا هاوکاری بکرێن و لەخۆگرتنی سوودمەندی نوێ.

٤- بەردەوامی لە سەردانکردنی خێزانی منداڵانی سوودمەند و هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانیان.

# پەروەردە

## پەروەردە کلیلی پێشکەوتنە، منداڵپارێزی کوردستان پشتگیری لە مافی پەروەردە دەکات بۆ هەموو منداڵێک لە کوردستانی عێراق.

### ئامانجی ئێمە لە پرۆژەکانی پەروەردە :

هاندانە بۆ یەکسانی لە هەلی خوێندن و پشتگیریکردنی منداڵان لەهەر کات و ساتێکدا پێویست بێت، وە باشترکردنی گەشەی منداڵ لەسەرەتاکانی تەمەنیدا و دابینکردنی باشترین ڕەوشی خوێندن بۆیان. ئێمە هەوڵدەدەین بگەین بە ئامانجی ئەم سێکتەرە بە فراوانکردنی ژمارەی کەسانی پەروەردەیی ناوخۆ کە شارەزایان هەبێت لە گەشەی منداڵ و خزمەت گوزاریەکانی منداڵان و پڕکردنەوەی کەموکورتیەکان بۆ دابینکردنی هەلی خۆیندن بۆ منداڵاڼ بە بێ جیاوازی.

منداڵپارێزی کوردستان سەرپەرشتی کۆمەڵێک پرۆژەی درێژخایەن دەکات بۆ پەرەپێدانی لایەنی پەروەردەیی منداڵ کە بریتین لە ٧ مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان (سەرا، سەرشەقام، بازیان، چوارتا، عەربەت، کەرکوک و حەسار)، سەنتەری ڕۆشنبیری سەرا، خوێندنگەی دواناوەندی شەهید جەباری نمونەیی، سەنتەری ڕاهێنانی پەروەردەیی بۆ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، باخچەی کازیوە/ کەمپی باریکە بۆ منداڵە ئاوارەکان وە باخچەی ساوایانی شێخ جەمالی شێخ ڕەشید و باخچەی ساوایانی ئەختەرخان کە سەرجەمیان بۆ خزمەتکردنی منداڵانە بەبێ جیاوازی.

### چالاکی پرۆژە پەروەردەییەکان لە ساڵی ٢٠١٧ دا:

مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان چەندەها خولی پەروەردەییان بۆ منداڵان دابینکردووە لە بوارەکانی (کۆمپیوتەر، وێنەکێشان، وەرزش، شانۆ، ئیشی دەست، گرافیک، سیرامیک، کتێبخانە، زمانی ئینگلیزی، موزیک و مۆزیکی میللی ئۆرکسترای کوردی، دوو گۆڵی دەست، سینەما، ئەلکترون)، ئەم مەڵبەندە ڕۆشنبیریانە بە درێژایی ساڵ بۆ منداڵانی تەمەن ٦ - ١٤ ساڵ کراوەیە بە ڕووی هەموو منداڵان بەبێ جیاوازی بۆ چالاکی پەروەردەیی و بنیاتنەر لە ژێر چاودێری کارمەندی ڕاهێنراو. مەڵبەندەکانی ڕوشنبیری کازیوەی منداڵان گرنگیەکی بەرچاویان هەیە لە شوێنەکانیان لەبەرئەوەی زۆر جار تەنها شوێنێکی پەروەدەیی نافەرمییە بۆ منداڵان، هەرچەندە هێشتا زۆر ناوچەو شوێنی تر هەن پێویستیان بەو ناوەندانە هەیەو لەبەر کەمی بودجە ئەو مەڵبەندانەیان تێدا نەکراوەتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٧دا، بەهۆی بایکۆتی مامۆستایان و پێنەدانی موچەکانیان، دەرگای خوێندنگەکان بەڕووی منداڵان داخرا و لە وانەکانی خوێندنیان دواکەوتن. بەو هۆیەوە منداڵپارێزی کوردستان لە پرۆژە پەروەردەییەکانیدا چەندین خولی بەهێزکردنی وانەکانی خوێندنی کردەوە وەک(زمانەکانی ئنگلیزی، کوردی و عەرەبی و بیرکاری و زانست) و لە دەرئەنجامدا ژمارەی سوودمەندانی پرۆژە پەروەردەییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد. لە ماوەی ئەمساڵدا ژمارەی سودمەندانی مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان ١٠,٨١٢ سوودمەند بووە.



کازیوەی عەربەت بۆ منداڵی پەنابەر / مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان



مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی سەرشەقام / خولی ئیشی دەست

**• مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - سەرشەقام :**

ئەم پرۆژەیە لە ڕۆژی ١ /٧/ ١٩٩٧ دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ١٩٥٨ سوودمەند بەشداری خول و چالاکی کازیوەکەیان کردووە. بەشێک لە چالاکیەکانی ساڵی٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | سودمەند | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٩ | ٩٣ منداڵ | ٩ خولی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ١٨ | ٤٧٥ منداڵ | ١٠ خولی موزیک، ٨ ڤیستیڤاڵی هونەری |
| بەشی شێوەکاری | ٣٥ | ٤٣٥ منداڵ | ٩ گرافیک،١١ ئیشی دەست، ١١وێنەکێشان، ٤ سیرامیک |
| بەشی زمان | ١٧ | ٣١٣ منداڵ | ٢ خولی زمانی ئینگلیزی، ١٥خولی بەهێزکردن بۆ وانەکانی قوتابخانە |
| بەشی شانۆ | ١٠ | ١٠٥ منداڵ | ٥ خولی شانۆ، ٥ نمایشی شانۆی |
| بەشی وەرزش | ٣٤ | ٥٣٧ منداڵ | ١٣ دوگۆلی ، ١١ یاری کۆمپیوتەری، ٥ یاری دۆستانە، ٥ یاری وەرزشی |
| ۆرک شۆپ | ١ | ١٦ ستاف | بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری کارمەندەکان |

**• مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - سەرا :**

ئەم پرۆژەیە لە ڕۆژی ١٦ /٤ /٢٠٠١ دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٢١٢٦ سوودمەند بەشداری خول و چالاکی کازیوەکەیان کردووە.. بەشێک لە چالاکیەکانی ساڵی٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| چالاکی | ژ. یەکە | سودمەند | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٤ | ٤٨ منداڵ | ٤ خولی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ٩ | ٢٦٧ منداڵ | ٨ خولی موزیک، ١ ڤیستیڤاڵی هونەری |
| بەشی شێوەکاری | ٤٠ | ١١٠١ منداڵ | ٨ خولی وێنە کێشان، ٩ گرافیک، ١١ ئیشی دەست، ٧ سیرامیک، ٥ پێشەنگا |
| بەشی زمان | ٥ | ٢٢٨ منداڵ | ٥ خولی زمانی ئینگلیزی |
| بەشی شانۆ | ١٣ | ٢٢٩ منداڵ | ١١خولی شانۆ، ٢ شانۆگەری |
| بەشی وەرزش | ١١ | ٢١٨ منداڵ | ١١ خولی تێنس |
| بەشی کتێبخانە | ٢ | ٣٥ منداڵ | ٢ خولی حروف الهیجائیە |



ناساندنی منداڵ بە بەندەکانی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ لە خوێندنگەکان



مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - بازیان

*** مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - بازیان :**

ئەم پرۆژەیە لە ڕۆژی ١١ / ٦ / ٢٠٠٥ دا دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٢١٨٨ سوودمەند بەشداری خول و چالاکی کازیوەکەیان کردووە. بەشێک لە چالاکیەکانی ساڵی٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| چالاکی | ژ. یەکە | سودمەند | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٣ | ٣٣٦ منداڵ | ٣ خولی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ٥ | ٩٧ منداڵ | ٢ خولی موزیک، ٣ ڤیستیڤاڵی هونەری |
| بەشی شیوەکاری | ٢ | ١١٠ منداڵ | ٢ خولی وێنە کێشان |
| بەشی زمان | ١٢ | ٦٤١ منداڵ | ٦ خولی زمانی ئینگلیزی، ٦ خولی لاتینی |
| بەشی شانۆ | ١ | ٩ منداڵ | ١ خولی شانۆ |
| بەشی وەرزش | ٥٠ | ٩٧٣ منداڵ | ٢٨ تۆپی پێ، ١٠ دووگۆڵی دەست، ١٢ تۆپی سەرمێز |
| بەشی کتێبخانە | ٤ | ٢٢ منداڵ | ٢ خولی چیرۆک، ٢ کۆڕی شیعری |

*** مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - کەرکوک :**

ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە. بەهۆی ئالۆزییەکانی شاری کەرکوک، ئۆفیسەکەمان لە شاری کەرکوک لە مانگی تشرینی یەکەم دەستیبەسەرداگیرا و لە ئەنجامدا مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - کەرکوک داخرا. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٢٧٧ سوودمەند بەشداری خول و چالاکی کازیوەکەیان کردووە. بەشێک لە چالاکیەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ. سودمەند | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٤ | ٧٢ منداڵ | ٤ خولی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ٤ | ٤٥ منداڵ | ٤ خولی موزیک، ١ ئاهەنگ |
| بەشی شێوەکاری | ٧ | ٨٠ منداڵ | ٦ خولی وێنە کێشان، ١ پێشانگە |
| بەشی وەرزش | ٥ | ٨٠ منداڵ | ٥ خولی فێربونی تێنس |

*** مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - حەسار / کەرکوک :**

ساڵی ٢٠١١ دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٣٩٦ سوودمەند بەشداری خول و چالاکی کازیوەکەیان کردووە. بەشێک لە چالاکیەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ. سودمەند | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٦ | ٨٤ منداڵ | ٦ خولی کۆمپیوتەر |
| بەشی وەرزش | ٥ | ١٥٨ منداڵ | ٥ خولی وەرزشی |
| بەشی شێوەکاری | ٧ | ١٣٠ منداڵ | ٧ خولی وێنە کێشان |
| بەشی کاری دەستی | ٤ | ٢٤ منداڵ | ٤ خولی کاری دەستی |



مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - حەسار



مەڵبەندی رۆشنبیری کازیوەی چوارتا / ماراسۆن

## * مەڵبەندی رۆشنبیری کازیوەی منداڵان - چوارتا :

ئەم پرۆژەیە لە ١/ ٤ / ٢٠٠٦ دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٢١١٢ سوودمەند بەشداری خول و چالاکی کازیوەکەیان کردووە.
بەشێک لە چالاکیەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| چالاکی | ژ.یەکە | سودمەند | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٦ | ٩٠ منداڵ | ٦ خولی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ٨ | ١٣٩ منداڵ | ٥ خولی میوزیک و گۆرانی،٣ ڤیستیڤاڵی هونەری |
| بەشی شێوەکاری | ٢٩ | ٩٣٢ منداڵ | ٨ خولی وێنەکیشان، ٦ چنین، ٨ سیرامیک، ٧ پێشانگا |
| بەشی زمان | ٤ | ٢٨٨ منداڵ | ٤ خولی زمانی ئینگلیزی |
| بەشی شانۆ | ٥ | ١١٣ منداڵ | ٣ خولی شانۆ، ١خولی هەڵپەرکێ، ١ سەما |
| بەشی وەرزش | ١٥ | ٣٦٥ منداڵ | ١٠ تۆپی پێی، ٢ شەترەنج، ٢ تۆپی سەرمێز، ١ ماراسۆن |
| بەشی کتێبخانە | ٦ | ١٨٥ منداڵ | ٤ خولی فێربونی خۆشنووسی، ٢ کۆری شعری |

## * مەڵبەندی رۆشنبیری کازیوەی منداڵان - عەربەت :

ئەم پرۆژەیە لە ٤ /٩ / ٢٠١٦ دامەزراوە لە سەر ئەرکی بەڕێز مام جلال تاڵەبانی بۆ منداڵانی پەنابەری نیشتەجێی کەمپی عەربەت. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ١٧٥٥ سوودمەند بەشداری خول و چالاکی کازیوەکەیان کردووە. بەشیک لە خول و چالاکیەکانی ساڵی٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| چالاکی | ژ. یەکە | سوودمەند | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٥ | ٦٥ منداڵ | ٥ خولی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی شێوەکاری | ١٤ | ٣٩١ منداڵ | ٦ خولی ئیشی دەست، ٥ وێنەکێشان، ٢ دورمان، ١چنین |
| بەشی زمان | ٦ | ١٢٣ منداڵ | ٤ خولی زمانی ئینگلیزی، ٢ خولی بەهێزکردن بۆ وانەکانی (بیرکاری، ئینگلیزی و کوردی) |
| بەشی شانۆ | ٨ | ٢٣٢ منداڵ | ٢ خولی شانۆ، ٢ خولی هەڵپەرکێ ٤ سەما |
| بەشی وەرزشی | ١٩ | ٩٤٤ منداڵ | ٥ خولی تۆپی پێی، ٨ یاری کۆمپیوتەری، ٣ دوگۆڵی دەست، ٢ شەترەنج، ١ تێنس |
| هەڵمەتی هۆشیاری | ١ | دانیشتوانی کەمپی عەربەت | ٢٨٠٠ لیفلێت دابەشکرا بەسەر سەرجەم ماڵەکاندا بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی کۆلێرا |
| کردنەوەی خول بۆ ستاف | ١ | ٨ ستاف | کردنەوەی خولی خوێندنی نافەرمی |




سەنتەری ڕاهێنانی پەروەردەیی / سلێمانی

## * سەنتەری ڕاهێنانی پەروەردەیی :

پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بێبەرامبەرە بۆ خزمەتکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. لە ١/ ٦/ ٢٠١٤ دا دامەزراوە. ئەم سەنتەرە تەنها شوێنە لە هەرێمی کوردستان کە ڕاهێنانی جەستەیی و پەروەردە دابینبکات بۆ منداڵ لەلایەن ستافی ڕاهێنراو. ئەم پرۆژەیە گرنگی دەدات بەو منداڵانەی کە پێویستیان بەهاوکارییە بۆ ئەوەی لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا بەردەوام بن لە خوێندن. ئەم منداڵانە بە شێوەیەکی زانستی ڕاهێنانیان پێدەکرێت بەمەبەستی دوانەکەوتنیان و تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ منداڵی تردا کە هەست بە جیاوازی نەکەن وە دانەبڕێن لێیان. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٢٦٨ منداڵ سوودمەند بوون لە چالاکی و خزمەتگوزاری سەنتەرەکە. بەشێک لە چالاکیەکانی ساڵی٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| چالاکی | ژ. یەکە | سودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی شێوەکاری | ٥ | ٥٠ منداڵ | کردنەوەی ٥ پێشانگای شێوەکاری |
| بەشی شانۆ | ٧ | ٥٤ منداڵ | نمایشکردنی ٤ شانۆی بوکەڵە، ٣ سەما، ١ پێشبڕکێ |
| پاڵپشتی دەروونی | ١١ | ٩٨ منداڵ | ئەنجامدانی ١٠ ئاهەنگی لەدایکبوون بۆ سودمەندانی سەنتەر، ئەنجامدانی چالاکی پایزە |
| سیمینار | ١٥ | ٣٥ ستاف | بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ستافی سەنتەر |
| خولی ڕاهێنان | ١٣ | ٧٥ خێزان | بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خێزانی سودمەندانی سەنتەر |
| هەڵمەتی هۆشیاری | ٢ | ٧٠٠ کەس | بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری کۆمەڵگە |
| بەشی موزیک | ٥ | ٦٦ منداڵ | ئەنجامدانی ١ ئاهەنگی سەری ساڵ |

## * سەنتەری ڕۆشنبیری سەرا :

ئەم سەنتەرە ١٦/ ٤/ ٢٠٠١ دامەزراوە و پرۆژەیەکی هۆشیاری ڕۆشنبیریە. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٣١٦٠ سوودمەند بەشداری چالاکی سەنتەرەکەیان کردووە. بەشێک لە خول و چالاکیەکانی ساڵی٢٠١٧ بریتی بووە لە:



سەنتەری ڕۆشنبیریی سەرا / سلێمانی

| چالاکی | ژ.یەکە | سودمەند |
|---|---|---|
| خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی | ٨ | ٨٢ گەنج |
| بەڕێوەبردنی کۆڕی شیعر | ١٠ | ٨٤٦ سودمەند |
| ڕێزلینان | ٣٢ | ٢٥٠ سودمەند |
| کردنەوەی پێشانگە | ٤ | ٢٩٤ سودمەند |
| بەڕێوەبردنی سیمینار ودیبەیت | ٦ | ٩٢٠ سودمەند |
| ئەنجامدانی یادکردنەوە | ٥ | ٤٥٠ سودمەند |
| فیستڤاڵی شیعری منداڵ | ١ | ١٢٣ منداڵ |
| میوانداری و ئاهەنگ بۆ منداڵان | ٢ | ١٦٥ منداڵ |
| کۆڕی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان | ٢ | ٣٠ منداڵ |




دواناوەندی شەهید جەباری نموونەیی/ ڤیدیۆکۆنفرانس

## * دواناوەندی شەهید جەباری نموونەیی :

خوێندنگەیەکی نمونەیی تێکەڵاوە، ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە بەمەبەستی ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ گشت خوێندکارێک بەبێ جیاوازی، ساڵانە ٥٠ خوێندکار وەردەگرێت بۆ قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی لەسەر بنەمای نمرەی قۆناغی پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی خوێندنگەکە. ئەم خوێندنگەیە قۆناغی حەوتەم تا دوانزەیەم لەخۆدەگرێت. خوێندنی بابەتە زانستیەکان بە زمانی ئینگلیزییە.

لە ٢٠١٧دا، سێ خوێندکاری قۆناغی ١٢ توانیان ئاستی یەکەمەکانی هەرێم بەدەستبهێنن لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی کۆتایی ساڵ. ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧- ٢٠١٨ دا ٣٠٣ خوێندکار بووە (١٣٧ کچ- ١٦٦ کوڕ).

## * باخچەی منداڵانی کازیوە لە کەمپی پەنابەرانی عەربەت:

ئەم باخچەیە بۆ منداڵی تەمەن (٥ - ٦) ساڵ کە پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستانن دروستکراوە لە کەمپی عەربەت/ سلێمانی، لە ڕۆژی ٢١/ ١/ ٢٠١٥ وە دەرگای باخچەکە کراوەتەوە بەرووی ئەو منداڵانەی لەناو کەمپەکەدا دەژین بە مەبەستی برەودان بەلایەنی پەروەردەیی و فێرکردنیان و بەخشینی کاتێکی ئارام و ئاسوودە پێیان. لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٥٩٣ منداڵ سوودمەندی باخچەکە بوون. بەشێک لە خول و چالاکیەکانی ساڵی٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| چالاکی | ژ. یەکە | سودمەند | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی شێوەکاری | ٧ | ١٨٦ منداڵ | کردنەوەی ٣ پێشانگە، ٣ وێنەکێشان، ١ خولی ئیشی دەست |
| بەشی شانۆ | ٢ | ٩٥ منداڵ | نمایشکردنی ٢ شانۆگەری |
| بەشی موزیک | ٥ | ١٢٤ منداڵ | ئەنجامدانی ٥ ڤیستیڤاڵی هونەری |
| ئاهەنگی دەرچووان | ١ | ١٠٥ منداڵ | منداڵانی سودمەندی باخچەکە |
| هەڵمەتی هۆشیاری بۆپاک وخاوێنی | ١ | ٢٠٠ خێزان | خێزانی دانشتوانی کەمپی عەربت |
| چالاکی وەرزشی | ٣ | ٨٣ منداڵ | ئەنجامدانی ٣ یاری وەرزشی |

## * باخچەی ساوایانی شێخ جمالی شێخ ڕەشید و ئەختەر محمد علی بگ:

پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بێبەرامبەرە بۆ خزمەت کردنی منداڵانی تەمەن (٤-٦)ساڵ، پڕۆژەیەکی هاوبەشی منداڵپارێزی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی.



باخچەی ساوایانی شێخ جمال شێخ ڕەشید

بینای ئەم دوو پرۆژەیە ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن کەسێکی خێرخوازەوە دروستکراوەو ڕادەستی ڕیکخراوەکەمان کراوە.
باخچەی شێخ جمال شێخ رەشید بۆ ساڵی ٢٠١٧ - ٢٠١٨ ژمارەی سودمەندی ٣٣٣ منداڵ بووە ( ١٤٧ کوڕ - ١٨٦ کچ).
باخچەی ئەختەر محمد علی بەگ بۆ ساڵی ٢٠١٧ - ٢٠١٨ ژمارەی سودمەندی ٢٠٩ منداڵ بووە( ٩٦ کوڕ - ١١٣ کچ).

* تێبینی/ لە ساڵی ٢٠١٧ دا، منداڵپارێزی کوردستان لە شاری هەولێر دوو خولی هاوینەی گەشەپێدانی توانای خوێندکاری کردەوە کە ٢٥٠ خوێندکار سوودمەندی خولەکان بوون.

# پرۆگرامی گەشەپێدانی تواناکانی گەنجان

**ئامانجمان دەستەبەرکردنی دوارۆژێکی باشترە بۆ گەنجان لە ڕێگەی دابینکردنی کەشێکی گونجاو بۆیان تا بتوانن توانا و ئارەزووەکانیان بەدەربخەن و پەرەی پێبدەن.**

## سەنتەرەکانی چالاکی گەنجان :

هەرێمی کوردستان لە گەشەکردندایە لەپاش ئەو ناهەمواریانەی پێدا تێپەڕیووە، گرنگی مامەڵەکردن لەگەڵ گەنجان، دایک و باوکانی داهاتوو، لەپێناو دابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆیان هەمیشە لە پێشەنگی کارەکانماندایە.

ئەم پرۆگرامە نۆ سەنتەری چالاکی گەنجان لەخۆدەگرێت، لەشار و شارۆچکە جیاوازەکانی کوردستانی عێراقدا : سلێمانی، کەرکوک، هەڵەبجە، ڕانیە، کەلار، شۆڕش، دەربەندیخان، کۆیە، خانەقین.

منداڵپارێزی کوردستان ئەم سەنتەرانەی کردۆتەوە بۆ پشتگیرکردنی گەنجان، هەروەها گروپی گەڕۆکیان دروستکردووە بۆ سەردانیکردنی شارۆچکە و گوندەکان بۆ ڕێکخستنی چالاکی هاوشێوەی کۆرسی ڕاهێنان لەو ناوچانەی بەردەست نین.

منداڵپارێزی کوردستان بە بەردەوامی لەڕێگەی مامۆستای شارەزاوە لە هەموو سەنتەرەکانی خولی ڕاهێنان لە بوارەکانی (کۆمپیوتەر، زمان، وەرزش، مۆسیقا، هونەر و ڕاهێنانی پیشەیی وەک بەرگدوورین و دەلاکی) دەکاتەوە، ئەمە هەلی فێربوون و باشترکردنی تواناکانیان دەدات بە گەنجان بە بێبەرامبەر، سەنتەرەکانی گەنجان چەندین چالاکی و ڤیستیڤاڵ ڕێکدەخات وەک شێوازێکی تازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەنجان بۆ نوێنەرایەتیکردنی خۆیان و دەرخستنی تواناکانیان.

## چالاکیەکانی پرۆگرامی گەشەپێدانی توانای گەنجان لە ساڵی ٢٠١٧ دا :

### * سەنتەری چالاکی گەنجان - سلێمانی :


سەنتەری گەنجانی سلێمانی / بەشی شێوەکاری

لە ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە بە ئامانجی دابینکردنی شوێنێکی تایبەت بە گەنجان بۆ دەرخستن و پەرەدان بە تواناکانیان بە بێ جیاوازی. لەم ساڵدا گرنگییەکی تایبەتدرا بە کردنەوەی کۆرسی پیشەیی جیاواز بۆ ئافرەتان تا بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن لە داهاتوودا و ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ئافرەت لە سەنتەرەکە.
ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٤،٠٥٥ گەنج بووە ( ١،٦٥٥ کوڕ - ٢،٤٠٠ کچ) و ٣،٧٣٥ گەنج بەشداری چالاکی و خولیان کردووە. بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ. سوودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ١٠ | ١٦٤ | ٨ خولی بەرنامەکانی ئۆفیس، ١ خولی سی شارپ، ١ خولی وێبسایت |
| بەشی مۆزیک | ١١ | ٢٠٣ | ١٠ خولی ئامێری پیانۆ، ١ فێستڤاڵی ساڵانەی مۆسیقا و گۆرانی |
| بەشی شێوەکاری | ١٧ | ٣٢٦ | ١٣ خولی شێوەکاری، ٢ خولی ئیشی دەست، ٢ پێشانگا |
| بەشی زمان | ٢٢ | ٧٣٣ | ٧ خولی زمانی(کوردی - عرەبی)، ١٢ خولی زمانی ئینگلیزی، ١ گەشتی زانستی، ٢ خولی زمانی ئینگلیزی لەلایەن خۆبەخشەوە |
| بەشی خولی پیشەیی | ٣٦ | ١١٥٢ | ١٠ خولی ئارایشتگا، ١٢ خولی سەرچاککردن، ٩ خولی درومان، ٥ هەڵمەتی سەرچاککردن لە کەمپی پیرەمەگرون و ئاشتی بۆ(٢٩٠) منداڵ |
| بەشی وەرزش | ٢٠ | ٦٨٥ | ١٥ خولی وەرزشی جۆراوجۆر، ٣ یاری دۆستانە، ٢ پاڵەوانیەتی |
| کتێبخانە | - | ١٧٢ | خواستنی ٢١٢ کتێب، ٢٣ کتێب پێشکەش بە سەنتەر کراوە |
| کۆڕ و سیمنار | ٤ | ٣٠٠ | ٢ سیمناری وەرزشی، ١ سیمناری کۆمپیوتەر، ١ سیمناری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان |



سەنتەری چالاکی گەنجان - دەربەندیخان / خولی باڵە

## * سەنتەری چالاکی گەنجان - دەربەندیخان :

لە ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە بە مەبەستی پەرەپێدانی بەهرەو تواناکانی گەنجان. کاری خۆبەخشی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەم سەنتەرەو بووەتە هۆی بونیاتنانی باخچەیەکی دلگیر بۆ ئارامی گەنجان. ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٢٤,٥٩٥ گەنج بووە (١٨,٧٦٦ کوڕ - ٥,٨٢٩ کچ) و ١٨,٩٢٨ گەنج بەشداری چالاکی و خولیان کردووە. بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ. سوودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٤ | ٢٨٠٣ | ٤ خولی فێربوونی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر، فۆرماتکردنی ٨٩ کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ٣٦ | ١٩٨ | ٦ خولی فێربوونی موزیک، ٢٦ ئاهەنگی موسیقا، ١ فێستیڤاڵی ڕۆژی شار، بەشداری ٢ بەرنامەی تەلەفزیۆنی، دروستکردنی ١ گروپی سیتار |
| بەشی شێوەکاری | ٤ | ٢٥٠ | ٢ پێشانگای وێنەیی، ١ پێشانگای تابلۆکانی سەر دیوار، ١ پێشانگای درومان |
| بەشی زمان | ٦ | ٢٢٤ | ٦ خولی زمانی ئینگلیزی |
| بەشی خولی پیشەیی | ٥ | ١٢٠ | ٣ خولی سەرچاککردن، ١ خولی درومان ، ١ خولی فۆتۆگرافی |
| بەشی وەرزش | ٢٢٠ | ١١٣١٤ | ٣٨ خولی وەرزشی جۆراوجۆر، ١٣ خولی تۆپی پێ، ٧ شەترەنج، ٨ تێنس، ٤ خولی باڵە، ٦ باسکە، ١ ماراسۆن، ١ پاسکیل سواری، ١٤٠ یاری دۆستانە، یاریگای شەوان، لەشجوانی، ٢ فێستڤاڵی ڕۆژی شار بۆ وەرزش و هونەر |
| بەشی کتێبخانە | - | ٣٧٦٩ | خواستنی ١٠٣٩ کتێب، بەخشینی ٣٦٥ کتێب |
| کۆڕ و سیمنار | ٤ | ٢٥٠ | ١ کۆڕی دەروونی، ٣ کۆڕی تەندروستی |

## * سەنتەری چالاکی گەنجان - کەرکوک :

لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە بۆ خزمەتکردنی گەنجی گشت نەتەوەکان لە شاری کەرکوک بێ جیاوازی. لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧دا، بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئۆفیسەکەمان لە کەرکوک دەستبەسەرداگیرا و لە ئەنجامدا سەنتەری چالاکی گەنجانی کەرکوک داخرا. ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧ تا مانگی تشرینی یەکەم، ١١,٥٠٣ گەنج بووە (٧,٧٢٢ کوڕ - ٣,٧٨١ کچ) و ٦٦٤ گەنج بەشداری چالاکی و خولیان کردووە.



سەنتەری چالاکی گەنجان - کەرکوک / بەشی وەرزش

| بەشەکان | ژمارەی یەکە | ژمارەی سوودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٤ | ٧٢ | ٤ خولی فێربوونی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ١٠ | ١٨٠ | ١٠ خولی فێربونی ئامێرەکانی موزیک |
| بەشی شێوەکاری | ٦ | ١٣٠ | ٦ خولی وێنەکێشان |
| بەشی زمان | ٣ | ٤٨ | ٣ خولی زمانی ئینگلیزی |
| بەشی خولی پیشەیی | ٩ | ٢٣٤ | ٥ خولی دەلاکی، ٤ خولی درومان |




سەنتەری چالاکی گەنجان- ڕانیە/ بەشی موزیک

## * سەنتەری چالاکی گەنجان - ڕانیە :

ئەم سەنتەرە لە ڕۆژی ١٥ / ٩ / ٢٠٠١ دامەزراوە. بەهۆی بەرزبوونەوەی کەیسی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەلایەن گەنجانی ئەم ناوچەیە، منداڵپارێزی کوردستان پرۆژەی بەگژداچوونەوەی ماددەی هوشبەری دەستپێکرد کە چەند کۆبوونەوە و ڕاپرسیەکی لە خۆدەگرت سەبارەت بە کێشەکە. ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧ دا، ٧,٩٩٩ گەنج بووە ( ٦,١٧٨ کوڕ - ١,٨٢١ کچ) و ٣,٤٩٢ گەنج بەشداری چالاکی و خولەکانیان کردووە. بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ. سوودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٧ | ٥٦ | ٦ خولی فێربوونی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر، ١ خولی دروستکردنی ڕۆبۆت |
| بەشی مۆزیک | ٢٤ | ٤٩٤ | ٣ خولی سیتار، ٤ گیتار، ٣ دەف، ٤ ساز، ٢ عود، ٨ ئاهەنگی مۆزیک |
| بەشی شێوەکاری | ٩ | ١٩٣ | ٤ خولی شێوەکاری، ٢ پێشانگا، ١ چالاکی جەماوەری، ١ کارکردنی سروشت، ١ خوانی هونەری |
| بەشی زمان | ١٥ | ٤٥٣ | ١١ خولی فێربونی زمان(١٠ ئنگلیزی، ١ عەرەبی)، ٤ بەهێزکردنی وانەکان |
| بەشی خولی پیشەیی | ٨ | ١٥٨ | ٧ خولی سەرچاککردن، ١ خولی درومان |
| بەشی وەرزش | ٣٠ | ١٢٤ | ٢٧ یاری دۆستانە، ٣ خولی تێنسی سەرمێز |
| کتێبخانە | - | ١٥٩٤ | خواستنی ٣٤٥ کتێب |
| کۆڕ و سیمنار و ۆرکشۆپ | ٢٤ | ٣٠٠ | ١٠ کۆڕ، ٢ ۆرکشۆپ، ٤ دیالۆگ، ٨ بابەتی ڕۆشنبیری |
| فێستڤاڵی ساڵانە | ١ | ٦٠ | مۆزیک، شێوەکاری، خوانی کوردی |
| پرۆژەی بەگژداچوونەوەی ماددەی هوشبەر | ١ | ٦٠ | ٧ کۆبونەوە، ڕاپرسی، نوسینی پرۆژە |

## * سەنتەری چالاکی گەنجان - هەڵەبجە :

لە ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە، تا ئێستا ئەم سەنتەرە گرفتی شوێنی هەیە و لەبەر نەبوونی بینا لە خانووی کرێدایە. سەرەڕای ئەم گرفتە، سوودمەندانی سەنتەرەکە لە چالاکییەکانیان بەردەوامن و گروپی خۆبەخشیان دروست کردووە وەک ڕەنگەلە کە خوێندنگە و دامەزراوەکانی تایبەت بە منداڵ دەنخشێنن. ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧ دا، ٦,٠٧٤ گەنج بووە ( ٣,٥٠١ کوڕ - ٢,٥٧٣ کچ) و ٣,١٤٤ گەنج بەشداری چالاکی و خولەکانیان کردووە. بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ. سوودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی موزیک | ٤٣ | ١٦٧٧ | ٢٦ خولی فێربوونی ئامێرەکانی موزیک، ١٥ کۆنسێرتی موزیک، ١ فێستیڤاڵ بۆ یادی دامەزراندنی منداڵپارێز، ١ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە |
| بەشی شێوەکاری | ٥ | ١٨٢ | ٤ خولی شێوەکاری، ١ پێشانگا |
| بەشی زمان | ١٠ | ٢٢٩ | ١٠ خولی فێربونی زمان (٣ ئینگلیزی، ٣ تورکی، ٤ عەرەبی) |
| بەشی خولی پیشەیی | ٣ | ٣١ | ٣ خولی درومان (لە ٣١ سودمەندا ٩یان لە ئێستادا خاوەنی کارن) |
| بەشی وەرزش | - | ٢٠٦ | یاری تێنس |
| بەشی کتێبخانە | - | ٣٦٩ | خواستنی ٨٤ کتێب |
| کۆڕ و سمینار | ٥ | ٤٥٠ | کۆڕی شیعری و ڕۆشنبیری |
| کاری خۆبەخش | ٧ | - | گروپی خۆبەخشی ڕەنگالە ٧ پرۆژەیان ئەنجامداوە |




سەنتەری چالاکی گەنجان- کۆیە/ بەشی شێوەکاری

## * سەنتەری چالاکی گەنجان - کۆیە :

لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراوە، جگە لە گەنجانی دانیشتووی کۆیە، لە ئێستادا، بەهۆی بوونی چەندین کەمپی نیشتەجێبوونی ئاوارە لە شاری کۆیە، ڕۆژانە بە سەدان گەنجی کوڕ و کچ سەردانی ئەم سەنتەرە دەکەن، بەبێ جیاوازی.

ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧دا، ١٠,٢١١ گەنج بووە ( ٧,٧٠٩ کوڕ - ٢,٥٠٢ کچ) و ٩,٩٤٢ گەنج بەشداری چالاکی و خولەکانیان کردووە. بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ.یەکە | ژ. سودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی موزیک | ٢١ | ٢٠٥٧ | ٨ خولی فێربوونی ئامێرەکانی موزیک، ٢ خول بۆ نەوجەوانان و خاوەن پێداویستی تایبەت/ ئۆتیزم، ٨ کۆنسێرت، ١ فێستڤاڵ، تۆمارکردنی ١ کلیپی گۆرانی، بەشداریکردن لە ١ بەرنامەی تەلەفزیۆنی کوردسات |
| بەشی شێوەکاری | ١٤ | ٨٣٥ | ١٠ خولی شێوەکاری، ٤ پێشانگا |
| بەشی شانۆ | ٨ | ١٣٠ | ٤ خولی شانۆ، ٣ نمایشی شانۆگەری، بەشداریکردنی ١ بەرنامەی تەلەفزیۆنی |
| بەشی زمان | ٤ | ٢٩٩ | ٣ خولی زمانی ئینگلیزی، ١ خولی زمانی فارسی |
| بەشی خولی پیشەیی | ٢٢ | ٧٦٣ | ٧ خولی درومان ، ١ پێشانگای درومان، ٦ خولی دەلاکی، ٢ هەڵمەتی سەرچاککردن، ٢ خولی ئارایشتگا، ١ خولی کارەبا، ٣ خولی سپلێت چاککردنەوە |
| بەشی وەرزش | ٦٩ | ٥٣٠٥ | ٣٥ خولی وەرزشەکانی (لەشجوانی، ڕەشاقە، کۆنگ فۆو، جمناستیک، تێنسی سەرمێز، فوتساڵ، شەترەنج)، ٢٤ یاری دۆستانە، ١ پاڵەوانیەتی، ٨ چالاکی شاخەوانی، ١ نمایشی وەرزشی |
| بەشی کتێبخانە | - | ٤٧٣ | خواستنی ٢٠٩ کتێب |
| کۆڕ و سیمنار | ٥ | ٨٠ | ٣ کۆڕی شیعری، ١ سیمنار، ١ وۆرکشۆپ |




سەنتەری چالاکی گەنجان - هەڵەبجە / بەشی موزیک


سەنتەری چالاکی گەنجان - خانەقین / خولی فێربونی زمان

## * سەنتەری چالاکی گەنجان - خانەقین :

ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە. شاری خانەقین وەک ناوەندی گەرمەسێر بەوە ناسراوە کە فرە کەلتورە و ئەم سەنتەرە بووە بە ناوەندێکی گرنگی هونەری و وەرزشی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی لە شارەکەدا. ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٦،٨١١ گەنج بووە (٥،٥٤٤ کوڕ - ١،٢٦٧ کچ) و ٥،٧٧٦ گەنج بەشداری چالاکی و خولەکانیان کردووە. بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ. سوودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٨ | ١٢٢ | ٨ خولی فێربوونی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ١٢ | ٢٣٤ | ٦ خولی فێربوونی ئامێرەکانی موزیک، ٦ ئاهەنگی موزیک |
| بەشی شێوەکاری | ١٥ | ٤٢٣ | ٩ خولی شێوەکاری، ٣ پێشانگای هاوبەش، ٢ هەڵمەتی فێرکردنی وێنەکێشان بۆ منداڵە ئاوارەکانی کەمپی ئەلوەند، ١ خولی خۆشنووسی |
| بەشی زمان | ١١ | ٤١٠ | ٧ خولی زمانی ئینگلیزی، ٤ دیبەیت بە زمانی ئینگلیزی |
| بەشی خولی پیشەیی | ١٨ | ١١٨١ | ٤ خولی سەرچاککردن، ٤ هەڵمەتی سەرچاککردن بۆ منداڵە ئاوارەکانی کەمپی ئەلوەند، ٢ خولی ئارایشتگا، ٣ خولی درومان، ٢ پێشانگای کاری دەستی جلوبەرگ، ٢ خولی چاککردنی سپلێت، ١ خولی چاککردنی موبایل |
| بەشی وەرزش | ١١٩ | ٢٤٧٥ | ٦٥ خولی وەرزشەکانی (باڵە، باسکە، تۆپی پێ، شەترەنج، تێنسی سەرمێز، تێنسی سەرزەوی)، ٤٥ یاری دۆستانە، ٩ پاڵەوانیەتی وەرزشی |
| کتێبخانە | - | ٢٢٩ | خواستنی ٩٥ کتێب |
| کۆڕ و سیمنار | ٢٠ | ٦٥٧ | ٤ کۆڕ، ٢ سیمنار، ٩ گفتوگۆ، ٢ خولی ڕۆشنبیری، ٣ خولی ڕاگەیاندن |
| کاری خۆبەخشی | ٣ | ٤٥ | هەڵمەتی پاککردنەوەی شەقامەکانی شار |

## * سەنتەری چالاکی گەنجان - شۆڕش :

لەساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە بە ئامانجی پەرەپێدانی توانای گەنجانی ناحیەی شۆڕش و دەوروبەری. ساڵی ٢٠١٧ خێرخوازان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە هاوکاریکردنی سەنتەرەکە لە ڕووی مادیەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی گەنجان. ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧دا، ٥،٦٣٧ گەنج بووە ( ٤،١٠٤ کوڕ - ١،٥٣٣ کچ) و ٤،٥٥٥ گەنج بەشداری چالاکی و خولەکانیان کردووە.
بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ. سوودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ٢ | ٧١٤ | ٢ خولی فێربونی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ٤ | ٥٥٥ | ٢ خولی فێربوونی ئامێرەکانی موزیک، ٢ کۆنسێرت و ئاهەنگ |
| بەشی شێوەکاری | ٦ | ١٤٠ | ١ خولی شێوەکاری، ٥ پێشانگا(١ شێوەکاری، ٤ فۆتۆگرافی) |
| بەشی زمان | ١٣ | ٦٨٢ | ٣ خولی زمانی ئینگلیزی، ٢ خولی زمانی عەرەبی، ٢ خولی زمانی فارسی، ٦ خولی بەهێزکردنی وانەکانی پرۆگرامی خوێندن |
| بەشی خولی پیشەیی | ١٧ | ٦٣٢ | ٦ خولی دروومان، ٥ خولی سەرچاککردن (٢ هەڵمەتی سەرچاککردن )، ٣ خولی چاککردنی سپلێت و کارەبا، ١ خولی ئارایشتگا |
| بەشی وەرزش | ٣ | ٧٠٠ | ١ خولی کاراتی، ١ خولی تۆپی پێ، ١ خولی مەلەوانی |
| بەشی کتێبخانە | - | ٩١٢ | خواستنی ١٥٥ کتێب |
| کۆڕ و سیمنار | ٣ | ٢٢٠ | ١ کوڕی شیعری، ١ سیمنار بۆ خوێندکاران، ١ سیمنار بە زمانی ئینگلیزی |



سەنتەری گەنجانی کەلار / پێشانگای شێوەکاری

## * سەنتەری چالاکی گەنجان - کەلار :

ئەم سەنتەرە لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراوە. جگە لە کارەکانی ئەم سەنتەرە بۆ گەنجان، سەنتەرێکی چالاکیش بووە لە گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بۆ ئەو خێزانانەی بەهۆی ئاڵۆزییەکانی شاری کەرکوک و دوزخورماتوو لە گوندەکانی ناوچەی داوده نیشتەجێبوون لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧. ژمارەی سودمەندان لە ساڵی ٢٠١٧دا، ١٣,٤٢٨ گەنج بووە ( ٨,٥٩٥ کوڕ - ٤,٨٣٣ کچ)و ٩,٨٤٢ گەنج بەشداری چالاکی و خولەکانیان کردووە. بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە:

| بەشەکان | ژ. یەکە | ژ.سوودمەند | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| بەشی کۆمپیوتەر | ١٨ | ٧١٤ | خولی فێربوونی بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر |
| بەشی موزیک | ١٩ | ١٤٥ | ١٣ خولی فێربوونی ئامێرەکانی موزیک، ١ مەراسیمی ئەنفال لە دێبنە، ٢ کۆنسێرتی هەڵەبجە، ٣ کۆنسێرتی هونەری |
| بەشی شێوەکاری | ٣١ | ١٩٨ | ٢٢ خولی شێوەکاری، ٩ پێشانگای (٤ شێوەکاری، ٢ فۆتۆگرافی، ١ کاریکاتێری، ١ دیواربەندی، ١ ماکێت) |
| بەشی شانۆ | ٣ | ٤٣٨ | ٣ نمایشی شانۆی شەقام لە(زانکۆی گەرمیان، باخچەی سەنتەر، دەربەندیخان) |
| بەشی زمان | ٣٩ | ١٥٥٤ | ٢٧ خولی فێربونی زمان (١٨ ئنگلیزی، ٩ عەرەبی)، ١٢ خولی بەهێزکردنی وانەکان |
| بەشی خولی پیشەیی | ٣٢ | ٥٥٤ | ١٦ خولی درومان، ١٤ خولی دەلاکی، ١ خولی سپلێت چاککردنەوە، ١ هەڵمەتی سەرچاککردن بۆ منداڵانی ئاوارەی کەمپی تازەدێ |
| بەشی وەرزش | ٢٥ | ٢٢٥٢ | ١٢ خول و پاڵەوانێتی تێنس، ٧ شەترەنج، ١ گەشتی شاخەوانی، ١ پێشبڕکێی یارییە بچوکەکان، ٤ پەخشی یاری یانە جیهانییەکانی تۆپی پێ |
| بەشی کتێبخانە | - | ٢٩٦٤ | خواستنی ٩٨٨ کتێب |
| کاری خۆبەخشی | ٢ | ٤٦٧ | کۆکردنەوەی خۆراک و پێداویستی بۆ ئاوارەی خورماتوو لە ڕێگەی کەمپینی سەنتەرەوە و دابەشکردنی لە گوندەکانی ناوچەی داودە |
| کۆڕ و ورکشۆپ و سیمنار | ٦ | ٥٥٦ | سیمناری تایبەت بە پاراستنی کۆمپیوتەر، بەڕێوەبردنی پرۆژەی بچوک، ورکشۆپی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کات، بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی، ١ خولی فێربونی بنەماکانی ڕۆژنامەوانی، ١ نوسینی ڕاپۆرت و هەواڵ |



سەنتەری چالاکی گەنجانی شۆرش / خولی زمان

# تەندروستی

**منداڵپارێزی کوردستان لە ڕێگەی پرۆگرامی تەندروستی هەوڵدەدات خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەموو منداڵێک دابین بکات بەبێ جیاوازی، هەروەها هاوکاری پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی منداڵانی نەخۆش و خاوەن پیداویستی تایبەت پێشکەش بکات.**

## گرنگی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی منداڵپارێزی کوردستان چییە؟

هەزارەها منداڵی نەخۆش پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەیە یان بە نەشتەرگەری لە دەرەوەی وڵات چونکە لە کوردستان و عێراق چارەسەری ئەو حاڵەتانە نییە کە تووشی بوون . لەنێو ئەم کەیسانە زیاتر لە ٣٠٠٠ منداڵ نەخۆشی زگماکی دڵی هەیە کە ئەگەر بە بێ چارەسەر بهێڵدرێنەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ئیفلیجی یان مردن، زۆر منداڵی تر تووشی نەخۆشیەکانی ثالاسیمیا، شێرپەنجە، نارێکی بڕبڕەی پشت و نەبیستنی زگماکی بوون. بەربڵاوی کەیسە ئاڵۆزەکان لە هەرێمی کوردستان زۆرە، سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لە قەیرانی داراییدایە و هەندێک پێویستی هەن کە تا ئێستا نەتوانراوە دابینبکرێت.

لە ساڵی ٢٠١٧ دا، سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی منداڵ لە کوردستان کە پێویستیان بە چارەسەر هەبوو بۆ نەخۆشیەکانی (بیستن، ئێسقان و نەخۆشیە زگماکیەکانی دڵ) زۆرێک لەو منداڵانەش کە خێزانەکانیان ئاوارەی کوردستان بوون پێویستیان بە پشکنین و چارەسەری پزیشکی هەبوو، دەزگا تەندروستیە حکومیەکان بە تەنها توانای پێدانی خزمەتگوزاری پزیشکیان نییە بۆ هەموو کەیسەکان، بۆیە ڕێکخراوی ناحکومی وەک منداڵپارێزی کوردستان ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو منداڵێک خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ دابیندەکرێت بەبێ جیاوازی.

## چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجی ئەم پرۆژەیە:

منداڵپارێزی کوردستان هاوکاریی دارایی پێشکەش بە خێزانی کەم دەرامەت دەکات بە گرتنەخۆی تێچووی نەشتەرگەری و چارەسەرەکانیان. ئێمە هاوکاری ئەو خێزانانە دەکەین لە دەستنیشانکردنی چارەسەری پێویست و ئەگەر چارەسەر بەردەست نەبوو بۆ ئەو حاڵەتە لە کوردستان، منداڵپارێزی کوردستان هەوڵدەدات چارەسەر لە دەرەوەی کوردستان دابین بکات یان ناردنی خێزان بۆ چارەسەری پزیشکی لە دەرەوەی وڵات.

منداڵپارێزی کوردستان ساڵانە چەند جارێک تیمی پزیشکی نێودەوڵەتی بانگهێشت دەکات نەک بە تەنها بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری کە لە نەخۆشخانە پزیشکییەکانی کوردستان تا ئێستا ئەنجام نەدراوە بەڵکو بۆ ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و ڕاهێنانی پزیشکی بۆ باشترکردنی توانای پزیشک و کارمەندی تەندروستی لە کوردستان.

## چالاکی تەندروستی لەساڵی ٢٠١٧ دا:

### * تۆمارکردن و دەستنیشانکردنی منداڵی نەخۆش :

- لە ساڵی ٢٠١٧ دا نزیکەی (١١٠٦) منداڵ بۆ یەکەم جار سەردانی پرۆگرامی تەندروستیان کردووە، لەو منداڵانە (١٠٤٣) منداڵ (٥٦٦ کوڕ و ٤٧٧ کچ) سەردانی کراون و فۆرمی زانیاریان بۆ پڕکراوەتەوە کە نیشتەجێی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆک و کەرکوک بە قەزاو ناحیەو گوندەکانەوە بوون، لەکۆی ئەو فۆرمانە (٤٤١) فۆرم لە شاری سلێمانی، (٢٨٧) فۆرم لە شاری دهۆک، (٨٠) فۆرم لە شاری کەرکوک، (١٠٨) فۆرم لە شاری هەولێر، (١٢٧) فۆرم بۆ ئاوارەو پەنابەران پڕکراونەتەوە، هەروەها (٦٣) منداڵ سەردانی پرۆگرامی تەندروستیان کردووە ناونیشانیان لێوەرگیراوە تاکو سەردانی بکرێن و فۆرمیان بۆ پڕبکرێتەوە، سەرجەم ئەو منداڵانەی کە فۆرمیان بۆ پڕکراوەتەوە لەلایەن پزیشکی ئەم بەشە بینراون، هەر منداڵێکی نەخۆش بەپێی پێویستی نەخۆشییەکەی و توانای منداڵپارێزی کوردستان هاوکاری کراوە بەرەچاوکردنی جۆری نەخۆشیەکەی و زنجیرەی تۆمارکردنی و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزانەکەی.

- ساڵی ٢٠١٧ لە ڕێگەی منداڵپارێزی کوردستانەوە ٣٥٥ منداڵی نەخۆش لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان نەشتەرگەری پێویستیان بۆ ئەنجامدراوە کە ٣٣ منداڵیان لە خێزانە ئاوارەو پەنابەرەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن بەم شێوەیە :

(١٩٣ منداڵ لە کوردستان، ٧٩ منداڵ لە هندستان، ٤٧ منداڵ لە ئێران، ٢٣ منداڵ لە ئیسرائیل، ٤ منداڵ لە نەمسا، ٣ منداڵ لە ئیتالیا، ١ منداڵ لە تورکیا، ٢ منداڵ لە ئەڵمانیا، ١ منداڵ لە ئوردن، ١ منداڵ لە ڕوسیا و ١ منداڵ لە بەغداد/ عێراق).




تیمی پزیشکی ئەمریکی/ ئەنجامدانی قەستەرەی دلی مندال

- (٦) مندالٌ بیستۆکی گوێ (سەماعە دیجیتال) یان بۆ دابینکراوە. ١ مندالّی ئاوارە.

- (١) مندالٌ کورسی کەم ئەندامی بۆ کراوە.

- (١٧) مندالٌ دەرمان یان خۆراکی تایبەتیان بۆ کراوە. ١ مندالّی ئاوارە.

- (٨٢) مندالٌ نەخۆشی دەم و لیوکەرویشکی و مەلاشوو، فلۆرسکۆپیان بۆ ئەنجامدراوە بۆ چارەسەر.

- راپۆرتی (٤١) مندالّی نەخۆشی دلّ نێردراوە بۆ ولاّتانی دەرەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجامدانی نەشتەرگەری و پاشان ناردنیان بۆ ئەو ولاّتانە ( ٢٨ راپۆرت / هندستان، ١٣ راپۆرت / ئیسرائیل).

*** تیمەکانی پزیشکی دەرەوەی ولاّت :**

١- هاتنی تیمی پزیشکی ئەمریکی، بۆ سلێمانی و بینینی (٨٠) مندالّی نەخۆشی (دلّ)، وە ئەنجامدانی (١٩ قەستەرەی تەشخیصی و عیلاجی) بۆ چەند مندالّێک، کرینی هەموو پێداویستی قەستەرەکان.

٢- سەردانیکردنی تیمێکی مندالّپارێزی کوردستان بۆ ولاّتی هندستان بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی چەند نەخۆشخانەیەک لەوانە نەخۆشخانەی (Global Health City ) لە هەردوو شاری ( Mumbai - Chennai) هەروەها نەخۆشخانەی (AMRI) لەشاری ( Kolkata) و ئەنجامدانی چەند کۆبونەوەیەک لەگەلّ پزیشکانی ئەو نەخۆشخانانە. بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ واژۆکردنی پەیوەستنامەیەک لەنێوان مندالّپارێزی کوردستان و نەخۆشخانەی (Global Health City) بۆ ناردنی مندالّی نەخۆش بۆئەم نەخۆشخانەیەو چارەسەرکردنیان. هەروەها سەردانیکردنی نەخۆشخانەی (Artemis) لە شاری (New Delhi). بەسەرکردنەوەی بەشەکانی نەخۆشخانەکە، بە مەبەستی بەئاگابوون لە چۆنیەتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری و چارەسەرکردن بۆ ئەو مندالاّنەی لە رێگەی مندالّپارێزەوە دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانە (Artemis).

٣- ناردنی پێنج پزیشکی پسپۆر لەنەخۆشی مێشک و دەمار بۆ ولاّتی هندستان بۆ نەخۆشخانەی (Global Health City) لە شاری (Chennai) بەمەبەستی بەشداریکرن لە سیمینار و وۆرکشۆپ لەگەلّ پزیشکانی پسپۆڕ لە نەخۆشی مێشک و دەمار لە نەخۆشخانەی ناوبراو بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پزیشکانی کوردستان و ئاشنابوونیان بەچۆنیەتی جۆری نەخۆشخانەو شێوازی کارەکانیان.

٤- بەستنی پەیوەستنامەیەک لەنێوان رێکخراوی مندالّپارێز و رێکخراوی ئیتالی (Open Heart Pobic) بەمەبەستی کردنەوەی نەخۆشخانەی (دلّ) ی مندالاّن لە سلێمانی.

٥- بانگهێشتکردنی پزیشکی پسپۆری گوێ بەرێز ( د. پراهلادا) بۆ شاری سلێمانی بەمەبەستی پشکنینی ئەو مندالاّنەی نەخۆشی گوێ یان کێشەی بیستنیان هەیە وە بەشداریکردنی لە کۆنفراسی سالاّنەی نەخۆشیەکانی قورگ و گوێ لووت لە سلێمانی.

*** تیمی پزیشکی گەرۆک :** سالّی ٢٠١٧ بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی ناوخۆو پەنابەر لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان و ئالۆزیەکانی شاری کەرکوک، تیمی پزیشکی گەرۆک کە پێکهاتووە لە پزیشک و کارمەندی تەندروستی و دەرمان، چەند هەلّمەتێکی تەندروستیان بە ئەنجام گەیاندووە:

١- سەردانیکردنی ئاوارەکانی کەمپی سورداش/ سلێمانی لەماوەی ئەم سالّدا ٣ جار. وە بینینی (١٦٨) مندالّی ناو کەمپەکە، وە چارەسەری گونجاویان بۆ کراوە لە دەرمان و چارەسەری پزیشکی.

٢- سەردانیکردنی ئاوارەکانی کەمپی ئاشتی/ سلێمانی وە بینینی (٦٢) مندالّی ناو کەمپەکە کە چارەسەری گونجاویان بۆ کراوە لە دابینکردنی دەرمان و چارەسەری پزیشکی.

٣- سەردانیکردنی ئۆفیسی دهۆک و هەولێر مانگانە وە ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ (٧٨٤) مندالّی نەخۆش وە دیاریکردنی جۆری نەخۆشیەکەیان و دابینکردنی دەرمان و چارەسەر بە پێی بەرنامەی مندالّپارێز.




تیمی پزیشکی گەرۆک/ ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ منداڵ- کازیوەی سەرا

*** چالاکی تر :**

١- بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی منداڵانی تازە لەدایک بوو نەبەکام منداڵپارێزی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ بەردەوام بوو لەخزمەتکردنی بەشی منداڵی نەبەکام (خودەج) لەنەخۆشخانەی شار، نەخۆشخانەی منداڵبوون و نەخۆشخانەی منداڵان. بەهاوکاری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی و بەردەوام بڕی هاوکاری مانگانە دابینکراوە بۆ بەشێک لە پزیشکە گەنجەکان وسەرجەم کارمەندانی بەشی (خودەج) لەنەخۆشخانەی شار و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان.

٢- واژۆکردنی پەیوەستنامە بۆ دانانی سیستمی ئۆکسجین بۆ بەشی چاودێری ورد لە نەخۆشخانەی منداڵان/ سلێمانی.

٣- دابینکردنی سیستمی بەدالە بۆ سەنتەری نەخۆشیەکانی سنگ لە سلێمانی.

٤- بەردەوام بوون لە پشتیوانیکردنی نەخۆشخانەی سوتاوی لەسلێمانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی منداڵی نەخۆشی (دەم و لێو کەرویشکی و نارێکی مەلاشوو).

٥- بەردەوام بوون لەپشتیوانیکردنی سەنتەری ڕاهێنانەوەی منداڵان (CRC) لە چوارباغ/ سلێمانی. وە بەشی کۆئەندامی هەرس و جگەر لە نەخۆشخانەی منداڵان/ سلێمانی.

٦- بینینی ١٨٢ منداڵ کە نەشتەرگەری چاندنی گوێ ناوەوە (زرع قوقع) یان بۆ ئەنجامدراوە لەلایەن (ڕاهێنەری گفتوگۆکردن و ئاخاوتن) بەمەبەستی ڕاهێنان و قسەکردن و ئاخافتن بۆ ئەو منداڵانەی نەشتەرگەریان بۆ ئەنجامدراوە.

٧- بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (Direct Relief) ئەمریکی لە ساڵی ٢٠١٧ بڕێک دەرمان و ٥ خەیمە کە نرخەکەی بە بەهای ١ ملیون دولار بوو لەڕێی منداڵپارێزی کوردستانەوە هێنرایە کوردستان پاشان دابەشکرا بەسەر نەخوشخانەی منداڵان و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، نەخۆشخانەی سوتاوی و سەنگەرەکانی پێشمەرگە وە خێمەکان بۆ ئاوارەکان بەکارهێنانیان وەک کلینکی تەندروستی گەرۆک.

٨- ئەنجامدانی پشکنین بۆ (٤٧) منداڵی نەخۆشی چاو لە نەخۆشخانەی (وێست ئای) لە شاری هەولێر بێبەرامبەر.

٩- بەمەبەستی گرنگیدان بە ددانی منداڵان بە هاوکاری کۆلێژی (ئیشق) هەڵمەتێکی هۆشاری دەربارەی پاراستن لە کلۆربونی ددانەکان بە بەکارهێنانی (فلۆراید) بۆ (٤) قوتابخانە کە (٥٥٠) خوێندکار سودمەندبوون.

١٠- دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی بۆ (سەنتەری هانا) ی تایبەت بە منداڵی ئۆتیزم لە شاری هەولێر.

١١- دابینکردنی ٥ ئامێری تایبەت بە منداڵی (خودەج) بۆ (نەخۆشخانەی ڕاپەڕین)ی منداڵان لە شاری هەولێر.

١٢– ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هۆشیاری ئۆتیزم و دابەشکردنی برۆشۆر لە شاری هەولێر کە ٥٠٠ کەس لێی سوودمەند بوون.

*** خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ منداڵی ئاوارەو پەنابەر:**

١- (١٢٧) فۆرم پڕکراوەتەوە لەشارەکانی (سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، دهۆک و کەمپی ئاوارەکان).

٢- (١) منداڵ نەشتەرگەری نەخۆشی (دڵ)ی بۆ ئەنجامدراوە لە هندستان.

٣- (١٨) منداڵ نەشتەرگەری نەخۆشی ( دڵ، مەلاشوو، گورچیلە، ئەندامی زاوزێ، فتق) یان بۆئەنجامدراوە لە شاری سلێمانی.

٤- (٣) منداڵ قەصتەرەی عیلاجی(دڵ) بۆ ئەنجامدراوە لە شاری سلێمانی.

٥- (٦) منداڵ نەشتەرگەری نەخۆشی (دڵ) یان بۆ ئەنجامدراوە لە شاری دهۆک.

٦- (٣) منداڵ نەشتەرگەری نەخۆشی ( دڵ، چاو، ئێسک) یان بۆ ئەنجامدراوە لەشاری هەولێر.

٧- (١) منداڵ بیستۆکی گوێ (سماعە) بۆدابینکراوە.

٨- (٢) منداڵ نەخۆشی پێست دەرمانی بۆ دابینکراوە.




د. هێرش - پزیشکی منداڵ لە منداڵپارێزی کوردستان / کەمپی سورداش بۆ خێزانی ئاوارە

## * ئەنجامدانی نەشتەرگەری و هاوکاری پزیشکی لە ساڵی ٢٠١٧ دا :

| جۆری نەخۆشی | ژمارەی سوودمەند | شوێنی ئەنجامدانی نەشتەرگەری | ژمارەی منداڵی ئاوارە |
|---|---|---|---|
| ١- نەشتەرگەری (دڵ) | ٣٠ منداڵ | ٣ ئیتالیا، ٤ نەمسا، ٢٣ ئیسرائیل | - |
| ٢- نەشتەرگەریەکانی ( دڵ، فەقەرات، ئێسک، جگەر، پێست و ماسولکە) | ٧٩ منداڵ | هندستان | ١ منداڵ |
| ٣- نەشتەرگەریەکانی (چاو، مێشک، دڵ،گورجیلە، فەقەرات، دوورەگەز، لووی سەر.....هتد). | ٤٧ منداڵ | ئێران | - |
| ٤- نەشتەرگەری (مێشک، چاو) | ٢ منداڵ | ئەڵمانیا | - |
| ٥- نەشتەرگەری (گورجیلە) | ١ منداڵ | ئوردن | - |
| ٦- نەشتەرگەری (دڵ، مەلاشوو، ئێسک، فتق، دەمو لێو کەروێشکی، ئەندامی زاوزێ، گورچیلە، چاو، کێشەی بیستن) | ٨٠ منداڵ | سلێمانی/ کوردستان | ١٨ منداڵ |
| ٧- نەشتەرگەری (دڵ، ئێسک) | ٤٩ منداڵ | دهۆک/ کوردستان | ٦ منداڵ |
| ٨- نەشتەرگەری(دڵ، ئێسک، چاو، گرێی سەر، گورچیلە، کێشەی بیستن، دەمار) | ٣٣ منداڵ | هەولێر/ کوردستان | ٣ منداڵ |
| ٩- ئەنجامدانی قەستەرە و شەبەکە و باڵۆن بۆ نەخۆشی دڵ | ٣١ منداڵ | سلێمانی/ کوردستان | ٣ منداڵ |
| ١٠- نەشتەرگەری (چاو) | ١ منداڵ | روسیا | - |
| ١١- نەشتەرگەری (کێشەی بیستن) | ١ منداڵ | بەغداد / عێراق | - |
| ١٢- نەشتەرگەری (میزەڵدان) | ١ منداڵ | تورکیا | - |
| ١٣- دابینکردنی بیستۆکی گوێ (سەماعەی دیجیتاڵ) | ٦ منداڵ | سلێمانی/ کوردستان | ١ منداڵ |
| ١٤- دابینکردنی دەرمان یان خۆراکی تایبەت | ١٧منداڵ | سلێمانی/ کوردستان | ١ منداڵ |
| ١٥- دابینکردنی کورسی بۆ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت | ١ منداڵ | سلێمانی/ کوردستان | - |
| کۆی گشتی | ٣٧٩ منداڵ | | ٣٣ منداڵ |

# منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە(ئـارا)

## پشتگیریکردنی منداڵانی توشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە و خێزانەکانیان
## بە هاوکاریکردنیان لە بواری کۆمەڵایەتی، سایکۆلوجی و دارایی لە کاتی پێویستدا.

پرۆژەی ئارا لە ساڵی ٢٠١٣ دەستیکرد بە کارکردن لە ژێر دروشمی "منداڵی تووشبوو بە شێرپەنجە دەکرێت چاکببێتەوە" یان "شێرپەنجەی منداڵان دەتوانرێت چارەسەر بکرێت". لە ڕوانگەی ئەمەوە هەموو چالاکییەکانی ئەم پرۆژەیە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان تەرخان کراوە بۆ گەیشتن بەم دروشمە.

١- دابینکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە و خێزانەکانیان.

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە سەبارەت بە شێرپەنجەی منداڵ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان.

٣- کارکردن بۆ باشترکردنی دەستنیشانکردنی پێشوەخت بۆ شێرپەنجەی منداڵان لەپێناو زووتر چارەسەرکردنیان .

٤- ئامادەکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە.

### ڕۆڵی منداڵپارێزی کوردستان :

منداڵپارێزی کوردستان هاوکاری منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە دەکات بە هاوکاری کردن و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خێزانەکان، منداڵان و سەنتەرەکانی تەندروستی بە درێژایی وەرگرتنی چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە شێرپەنجە ( هیوا/ سلێمانی، نانەکەلی/ هەولێر و سەنتەری ژین/ دهۆک )، هەروەها هاوکاری منداڵان دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان لە دوای وەرگرتنی چارەسەر.

منداڵپارێزی کوردستان هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بە منداڵانی تووشبوو بەشێرپەنجەو خێزانەکانیان دەکات بە دابینکردنی ڕاوێژکار و توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان و دایک و باوکان، هەروەها دابینکردنی هاوکاریی دارایی لە کاتی پێویست.



پشتگیری دەرونی منداڵی نەخۆشی شێرپەنجە

### منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە:

شێرپەنجە یەکەم هۆکاری مردنە لە نێو منداڵان، هەموو سێ چرکەیەک منداڵێکی نوێی تووشبوو بە شێرپەنجە دەستنیشان دەکرێت لە هەموو جیهان.

لە ساڵی ٢٠١٧دا نزیکەی ١٩٩ منداڵی تەمەن ٠ - ١٨ ساڵ چارەسەریان بۆ شێرپەنجە وەرگرتووە. ئەم ژمارەیە گشت ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە چارەسەریان بۆ دەکرێت و ئەو منداڵانەش کە تازە ناویان تۆمار کردووە لە هەرێمی کوردستان، و هەروەها منداڵی ئاوارە و پەنابەریش لە خۆ دەگرێت.

تێچووی چارەسەری منداڵیکی تووشبوو بەشێرپەنجە نزیکەی زیاتر لە ١٠٠٠٠٠$ . خۆشبەختانە منداڵان دەرفەتی سەرکەوتنیان بەسەر ئەم نەخۆشیە زیاترە، نزیکەی ٨٠% منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە ژیانێکی تەندروست دەژین لە دوای وەرگرتنی چارەسەر ئەگەر پێداویستییەکانیان بۆ دابینبکرێت.




پاڵپشتی دەرونی منداڵی نەخۆش - نەخۆشخانەی نانەکەلی/ هەولێر

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە لە ساڵی ٢٠١٧ دا :

| جۆری چالاکی | ژمارەی سودمەندی پرۆژەکە | | | جۆری خزمەتگوزاری |
|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | |
| چاودێریکردنی منداڵ | ٢٢٢٢ | ١٤٤٠ | - | چاودێری باری تەندروستی و هاوکاریکردن لە کاری رۆژانە |
| جەژنی لە دایکبوون | ٢٠٢ | ١٠٧ | ٢٦ | پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دیاریی |
| گەشتی پەلکەزێرینە | ٩١ | ١٦٦ | ٢٥٧ | پاڵپشتی دەرونی بە سەردانیکردنی شاری یاری و شوێنە گشتیەکان |
| هەڵمەتی هۆشیاری | ١٠٠٠ | ٣٨٦ | ٣٥ | پاڵپشتی تەندروستی بە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی شێرپەنجە |
| ۆرکشۆپ و سمینار | ١٢٥ | ٢ | - | بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری خێزان و ئاستی زانستی کارمەندانی منداڵپارێزی کوردستان |
| دابەشکردنی بارۆکە | - | ٥٠ | - | پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی |
| کۆبوونەوەی دایک و باوکان | ٧٠ | ٦٨ | - | دابینکردنی رێنمایی تەندروستی پێویست لەناو نەخۆشخانە و وەرگرتنی راوبۆچونی خێزانەکان |
| چالاکی هونەریی | ٨٥ | ٩٧١ | ١٦٢ | پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی |
| ئێوارە خوان | - | ٨٠ | ٢٥ | پاڵپشتی کارمەندانی نەخۆشخانەی هیوا |
| هاوکاری و کۆمەک | ٣٥٣ | ٨٧ | ١٥ | هاوکاریکردنی خێزانی منداڵ لە رووی مادی، سپۆنسەرکردنی کار و چالاکییەکان، ناردنیان بۆ رێکخراو و دامودەزگاکان، دابینکردنی هاوکاری رۆژانە، دابینکردنی جلوبەرگ |
| هاوکاری نەخۆشخانە | ٧٦ | - | - | دابینکردنی پێداویستی پزیشکی |
| فۆرمی تەندروستی | ٥٣ | ٤٤٣ | ٢٠ | پڕکردنەوەی فۆرمی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەمەبەستی هاوکاریکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان. |
| پشکنینی جۆراو جۆر | ٤٢ | ٤٠ | ٤٣ | پاڵپشتی تەندروستی، پشکنینی چاو و ڤایرۆس و ئیکۆ و ... هتد. |
| دانان و دەرهێنانی پۆرت | ١٥ | - | - | بە مەبەستی ئازارنەکێشانی منداڵ لە کاتی وەرگرتنی چارەسەر |
| دابینکردنی دەرمان و چارەسەری پێویست | - | ١٦٤ | - | دابینکردنی چارەسەری پێویست کە بەهۆکاری جیاواز لە نەخۆشخانە بەردەست نەبووە. |
| دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون | - | ٣ | - | دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خێزان و ئەو منداڵانەی کە لەدەرەوەی شاری سلێمانی نیشتەجێن |
| پشکنینی Pet scan | ٣٥ | ٥٤ | - | ئەنجامدانی پشکنین بۆ منداڵان لە تورکیا کە لەناوخۆدا بەردەست نیيە |
| پشکنینی MRI | ٦ | - | - | پاڵپشتی دارایی بۆ وەرگرتنی چارەسەر |
| چالاکی جۆراوجۆر | ١٦٠ | - | - | پاڵپشتی دەروونی |
| هەماهەنگی | ٢٩ | - | - | هەماهەنگی لە کاتی کارکردن لەگەڵ دەزگا و رێکخراوەکان وەک Mahak ، UICC و CCI |
| کۆی گشتی | ٩٢٠٨ | | | |

# گۆڤاری پەپولە

## گۆڤاری پەپولە گۆڤارێکی پەروەردەیی و کلتوری منداڵانە
## کە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە لەلایەن منداڵپارێزی کوردستان دەردەچێت.

پەپولە، گۆڤارێکی پەروەردەیی، رۆشنبیریی منداڵانە، یەکێکە لەو پرۆژانەی منداڵپارێزی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە جێبەجێدەکرێت و مانگانە لە دوتوێی ٢٤ لاپەرەی رەنگاورەنگداو بەتیراژی ٣٠٠٠ دانە چاپ و بڵاودەکرێتەوە. بابەتەکانی بریتین لە چیرۆک، هۆنراوە، زانستیی، زانیاریی هەمەجۆر، بەرهەمی خودی منداڵان کە چیرۆک و هۆنراوەو تابلۆ دەگرێتەوە.

### مێژووی گۆڤاری پەپولە :

گۆڤاری پەپولە یەکێکە لە پرۆژە سەرەتاکانی منداڵپارێزی کوردستان و دەتوانین بڵێین لە مێژوی چاپەمەنی کوردیدا پەپولە بە تەمەنترین گۆڤاری منداڵانە کە بۆ ماوەی نزیکەی ٢٥ ساڵ بە شێوەیەکی بەردەوام و لە کاتی دیایکراوی خۆیدا دەربچێت.

بەر لە راپەرین بۆشاییەکی گەورە لە ئەدەبی منداڵاندا هەبوو، بۆیە هەر لە سەرەتای راپەرینەوە بە ئامانجی پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان لای بەرێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بریاری لەسەر درا، لە بەهاری ١٩٩٢ دا یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە (بەیروت) چاپکرا، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسیی نەتوانرا بهێنرێتەوە کوردستان. لەسەرەتادا بریاردرا گۆڤارەکە بە شێوەی وەرزی بێت، بەڵام لەبەر گرانی کاروباری چاپەمەنی لەو کاتەدا نەتوانرا ئەو پلانە جێبەجێ بکرێت و لە ساڵی ١٩٩٢ وە تا ١٩٩٤ تەنها ٣ ژمارەی لێدەرچووە، بەم شێوەیە :ژمارە ١ لە بەهاری ١٩٩٢، ژمارە ٢ لە هاوینی ١٩٩٢ وە ژمارە ٣ لە ١٩٩٤دا دەرچووە.

پاشان لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٨دا ژمارە ٤ ی چاپکرا، ئیتر لەو کاتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام لە ٢١ی هەموو مانگێکدا ژمارەیەکی نوێ چاپ و بڵاودەکرێتەوە. ژمارە ٢٤٢ی مانگی کانونی یەکەم دوا ژمارەی ساڵی ٢٠١٧ یە.

### ئامانجی گۆڤاری پەپولە :

١- پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئەدەبی منداڵاندا هەبوو بەر لە راپەرینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان واتە دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان لەو سەردەمەدا یەکەم ئامانجی گۆڤاری پەپولە بوو.

٢- ئامادەکردنی کەسێتی منداڵ کە بە بەردی بناغەی کەسایەتیی مرۆڤ دادەنرێت بۆ داهاتویەکی گەشتر تا ببنە تاکی کاریگەرو سودبەخشی ناو کۆمەڵگە.

٣- لە رێگەی بایەخدان بە هەڵبژاردنی بابەتەکان و دارشتنەوەیان بە زمانێکی کوردی پاراو، هەروەها گرنگیدان بە وێنەو رەنگەکان و دیزاینی سەردەمیانەی لاپەرەکانی، پەپولە هەوڵدەدات بەشداربێت لە:

- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی و رۆشنبیریی منداڵان و پەروەردەکردنیان بە شێوەیەکی زانستیی و سەردەمیانە.
- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان منداڵ و بڵاوکراوەی منداڵان (خۆشەویستی بۆ خوێندنەوە).
- چاندنی هەستی مرۆڤپەروەریی و خۆشەویستیی بۆ زمان و گەل و نیشتمان لە دڵ و دەرونی منداڵاندا.
- فەراهەمکردنی کەشێکی پر خۆشی.

٤- بەدەرخستنی تواناو بەهرەی منداڵ و برەوپێدانی تواناو بەهرەکانی لە رێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە دووتوێی لاپەرەکانیدا.

٥- هاندان و پشتگیرییکردنی نوسەران بۆ بایەخدانی زیاتر بە ئەدەبی منداڵان لە رێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

### پێشبرکێی گۆڤاری پەپولە :

وەک نەرێتێکی ساڵانە، ئەمساڵیش لە یادی بیست و پێنجەمین ساڵیادی گۆڤارەکەدا، پێشبرکێی ( چیرۆک، هۆنراوە، وێنەکێشان ) بۆ منداڵانی کوردستان سازکراو ئەم ساڵ ٩ خەڵات بەخشرایە منداڵانی سەرکەوتوو لە پێشبرکێکەدا، وە کۆی بابەتە خەڵاتکراوەکانی منداڵان لە ژمارە پەپولەی (٢٣٤ ی مانگی نیسانی ٢٠١٧) دا بڵاوکرایەوە، وە لە رۆژانی ٢ تاکو ٤ / ٥ / ٢٠١٧ لە ئۆفیسی منداڵپارێز خەڵات و بروانامە پێشکەش بە منداڵانی سەرکەوتوو کرا.

# ڕاپۆرتی دارایی

## کۆی گشتی داهات بەپێی سەرچاوەی پارە دابینکەر بۆ ساڵی ٢٠١٧

| پرۆژە | دیناری عێراقی | دۆلاری ئەمریکی | سەرچاوەی فەند |
|---|---|---|---|
| ١- پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان / ٢٠١٧ | | ٣,٦٥٠,٠٠٠ | کۆمپانیای IQ Network |
| ٢- پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان / ٢٠١٧ | ٧٥,٠٠٠,٠٠٠ | | کۆمپانیای کوردتێل |
| ٣ - پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان / ٢٠١٧ | | ٢٥,٤١٠ | خێرخوازانی نێودەوڵەتی |
| ٤- منداڵی توشبوو بە شێرپەنجە و بێسەرپەرشت | ٣٩٠,٣٢٥,٥٠٠ | ٥,٣٢٠ | سندوقی کۆمەک |
| ٥- پرۆگرامی گرتنەخۆی منداڵ | | | |
| | | ٣٠٠,٠٠٠ | کۆمپانیای IQ Network |
| | | ٤٩,٦٨٠ | گەشە کاکە حمە جمال |
| | | ٣٨,٦٨٠ | سویسرا (PIK) |
| | | ٣٢,١٢٨ | خێرخوازانی ئیتالیا / ئیڤریا |
| | ٦٩,٢٧٢,٠٠٠ | ٢٩,٥٢٥ | خێرخوازانی کوردستانی عێراق |
| | | ٤,٦٧٢ | خێرخوازانی فنلەند |
| | | ٣,٥٠٣ | خێرخوازانی هۆڵەندە |
| | | ١,٧٢٤ | خێرخوازانی بەریتانیا |
| | ٦٩,٢٧٢,٠٠٠ | ٤٥٩,٩١٢ | کۆی گشتی گرتنەخۆی منداڵ |
| ٦- پاراستنی منداڵی ئاوارەی ناوخۆ | | ٤٨١,٢٩٥ | ڕێکخراوی یونسیف |
| ٧- پاراستنی منداڵ / دادوەری نەوجەوانان - سلێمانی | | ٤٥,٨٣٣ | ڕێکخراوی یونسیف |
| ٨- پاراستنی منداڵ / دادوەری نەوجەوانان -کەرکوک | | ٣٨,٣٧٢ | ڕێکخراوی یونسیف |
| ٩- پرۆگرامی پاراستنی منداڵ | ٩٥٠,٠٠٠ | | ڕووپاک عوسمان |
| ١٠- فریاگوزاری پەنابەر و هاوکاری ئاوارە | ٢٤,٠٣٥,٠٠٠ | ٦,٥٥٦ | کەسانی خێرخواز |
| ١١- هاوکاریکردنی لێقەوماوانی بومەلەرزە | | ١٣,٠٩٠ | سویسرا (PIK) |
| ١٢- پرۆگرامی تەندروستی | | ١٤,٠٠٠ | Nelly Arrendondo |
| ١٣- پرۆگرامی تەندروستی | | ٤,٠٧٩ | کەسانی خێرخواز |
| ١٤- پرۆگرامی منداڵی توشبوو بە شێرپەنجە | | ١٠,٧٧٣ | ئەڵمانیا Tumor und Brustzentrum |
| ١٥- پرۆگرامی منداڵی تووشبوو بە شێرپەنجە | ١١,٤٩٣,٢٥٠ | ٤,١٩٨ | کەسانی خێرخواز |
| ١٦- پرۆژەی سێو- کەمپی پەنابەرانی عەربەت | | ٤,٤٩٠ | سویسرا (PIK) |
| ١٧- پرۆگرامی پەروەردە | ٣١,٦٠٣,٥٠٠ | ٣٤٠ | کەسانی خێرخواز |
| ١٨- پرۆگرامی پەروەردە | ٣,٠٠٠,٠٠٠ | | نەخۆشخانەی وێست ئای |
| ١٩- پرۆگرامی پەروەردە | | ٢,٠٠٠ | کۆمپانیای دەروازە |
| ٢٠- پرۆژەی پەرەپێدانی ئابوری و گەنجان بلۆکی میران | | ٣٣,٤٧١ | کۆمپانیای Genel Energy |
| ٢١- پرۆگرامی گەشەپێدانی توانای گەنجان | | ٣,٩٩١ | سویسرا (PIK) |
| کۆی گشتی | ٦٠٥,٦٧٩,٢٥٠ | ٤,٨٠٣,١٣٠ | |

## خەرجی پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان بۆ ساڵی 2017 :

| پرۆژەکان | خەرجی/ دیناری عێراقی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١- بەڕێوەبردنی ئۆفیسەکانی منداڵپارێز | ١,١٧١,٧٩٨,٢٥٠ | %١٧,١٨ |
| ٢- پرۆژەکانی پەروەردە | ١,١٥٦,٦٨٨,٢٠٠ | %١٦,٩٥ |
| ٣- پرۆژەکانی تەندروستی | ١,١٤٤,١٤٩,٤٥٠ | %١٦,٧٧ |
| ٤- پرۆگرامی گرتنەخۆی منداڵ | ٩٧٠,٢٦٠,٢٠٠ | %١٤,٢٢ |
| ٥- پرۆگرامی گەشەپێدانی توانای گەنجان | ٦٨٠,٣٨٣,٧٠٠ | %٩,٩٧ |
| ٦- هاوکاری ئاوارە و پەنابەر | ٦٦٠,٢٤٦,٢٥٠ | %٩,٦٨ |
| ٧- پرۆژەکانی پاراستنی منداڵ | ٦٥٩,٤٦٤,٥٠٠ | %٩,٦٦ |
| ٨- پرۆگرامی منداڵی توشبوو بە شێرپەنجە | ٢٨٠,١٤٢,٧٥٠ | %٤,١١ |
| ٩- گۆڤاری پەپولەی منداڵان | ٩٩,٨٢١,٧٥٠ | %١,٤٦ |
| کۆی گشتی | ٦,٨٢٢,٩٥٥,٠٥٠ | %١٠٠ |

### خەرجی پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستان / ٢٠١٧



www.ksc-kcf.org

ksc-kcf@ksc-kcf.org
press@ksc-kcf.org

KURDISTAN SAVE THE CHILDREN (KSC-KCF)
408 RIZGARY - HAPSAKHANI NAQIB ST.
SULAIMANI - KURDISTAN
IRAQ

+964 53 330 1040

kurdistansavethechildren

Kurdistan Save the Children

@KSC_KCF

@kurdistansavethechildren

kurdistan-save-the-children-ksc

دیزاین : ڕاگەیاندنی منداڵپارێزی کوردستان

مافی چاپکردن© پارێزراوه بۆ منداڵپارێزی کوردستان (KSC-KCF)
سلێمانی/ کوردستانی عێراق - ٢٠١٨